بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانە
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
110
10 ی حوزەیران/ جون ی 2025

## دوو جیهانی جیاواز!



موحسین کەریم

یەکێکیان منداڵ دەکوژێ، ئەوی دیکەیان موچافەزە بە ژیانیەوە دەکات تا خۆراک و دەرمان و حەفازە بۆ منداڵان دابین بکات! یەکێکیان پەنابەران و کرێکارانی کۆچبەر وەکو تاوانبارانی زیندانەکانی گوانتانامۆ و ئەبوغرێب زیندانی دەکات و ئەوی دیکە بۆ بەرگری لەمافی مانەوەیان سەرجادە دەگرێ و بەرگری لێدەکات! یەکێکیان ئامادەیە چەندین وولات و کۆمەڵگا کاولبکات لەپێناوی زاڵکردن و سەپاندنی بەرژەوەندیەکانی خۆیدا، خەستەخانەو خوێندگاو دامەرزاوە خزمەتگوزاریەکانی خەڵک ویران بکات، لە جەنگەکانیاندا سەدان هەزارو بگرە ملیۆنەها مرۆڤ بە کوشت بدات یان لەژێر داروپەردوی بیناروخانوەکاندا بیاننێژێت، بەڵام ئەوی دیکەیان بەبێ رەچاوکردنی هیچ سنورێکی نەتەوەیی، خاک، رەگەز، زمان، ئاین و بیروبراو...تاد. دەرژێتە سەرشەقامەکان و شەڕ بۆ ئاشتی و ئارامی بۆ ئینسان دەکات! یەکێکیان زیندان و ئەشکەنجەخانەی داناوە و بە ملیارەها دۆلاری بۆ خەرج دەکات بۆئەوەی ئینسانەکان داوای نان و ئازادی نەکەن، ئەوی دیکە ئامادەیە ژیانی خۆی بدات بۆئەوەی نان و ئازادی بۆخۆی و هاوچارەنوسەکانی دابین بکات!

دوو دنیای جیاواز و دوو کۆمەڵگای جیاواز لەناو یەک کۆمەڵگادا کە پێی دەوترێ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی! لەناو یەک چوارچێوەی میللیدا، لەناو "یەک نیشتمان هاوبەش"دا! لەناو بەروالەت یەک چوارچێوەی سیاسی هاوبەشدا!

بۆ لاپەرە ۲

## ناسیونالیزم و کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رێگاچارەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری!

بەیاننامەی هاوبەشی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق

بۆ لاپەرە ۳



## بەغدا و هەولێر لەژێر فشاری ململانێیەکی بەردەوامدا!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەرە ٦



## بەکارهێنانی مووچە وەک کارتێکی سیاسی دڕندەییە!

دەشتی جەمال

بۆ لاپەرە ۸


- بەیاننامەی حزب سەبارەت بە کێشەی مووچە......! لاپەرە ۹
- هاوپشتی جیهانی لەگەڵ مانگرتنی شۆفێرانی ئێران!
+ بەیاننامەی حزب لەسەر مانگرتنی شۆفێران ..... لاپەرە ۱۰
- گۆشەیەک لە وەستانەوەی کرێکارانی بەندەرەکان دژی جەنگ و جینۆسایدی لە غەززە! ..... لاپەرە ۱۲

* ڕێپێوانی جیهانی بۆ شکاندنی گەمارۆی سەر غەززە!
ئامادەکردنی: توانا نوری .... لاپەرە ۱۳
* حەلبوسی و هەڵبژاردنەکانی عێراق
عوسمانی حاجی مارف..... لاپەرە ۱۵


**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی....... دوو جیهانی جیاواز!

دووجۆر لە مرۆڤ و مرۆڤایەتی لەسەر یەک خاک دەژین، بەڵام بە دوو ئاراستەی جیاوازو بە دوو بەرژەوەندی جیاواز و دژ بەیەک! یەکێکیان کۆمەڵگای کەمایەتیەکانە کە تەنها نزیکەی ١٪ (لە سەدا یەکی) دانیشتوان پێکدەهێنن، بەڵام بەری رەنجی ٩٩٪ی کۆمەڵگایان بۆخۆیان قۆرخ کردوە و ئامادەن لەپێناوی پاراستنی سامانەکەیاندا وەکو ئاژە درندەکان جەستەی باقی دانیشتوان، ئەو ٩٩٪ یەکەی دیکە، هەنجن هەنجن بکەن. لەژێر ئازار و ئەشکەنجەو ستەم و رەنج و چەوسانەوەوە هەژاری و برسێتی و کوانووی شەرە ناو بەناوەکانی خۆیاندا، بیانتوێننەوەو بیانسوتێنن! بەڵام ئەوی دیکەیان سەر بەو جیهانەی دیکە و بەشێکە لەو جیهانەی دیکە، واتە جیهانی راستەقینەی مرۆڤایەتی! جیهانی ٩٩٪ ی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی.

چینی کرێکارو جەماوەری یەکسانیخواز و ئازادیخواز و وەتەنگهاتوو لە دەسەڵاتی سەرمایەو خاوەن کۆمپانیاکان، کە زۆرینەی کۆمەڵگاکان پێکدەهێنن، خەریکن لەژێرباری فشارە سیاسی و ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی و پروپاگەندە چەواشەکارو هەڵخڵەتێنەرەکانی میدیاکانی پشت راست دەکەنەوە. دەورانی پووچگەرایی بۆرژوازی و پۆستمۆدێرنیزمی بۆرژوایی و ئینکارکردنی هەرجۆرە هەوڵیکی چینی کرێکارو مرۆڤایەتی یەکسانیخواز و ئازادیخواز بۆ تێپەراندنی ئەم جیهانە لنگەو قووچەی بۆرژوازی خەریکە بەرەوکۆتایی دەچێت. چینی کرێکار و مرۆڤایەتی یەکسانیخواز و ئازادیخوازو دژە سەرمایەداری خۆیان خەریکن بۆ گێرانەوەی ئیرادە پێدەنێنە مەیدانەوە. وەکو چۆن لە دەورانی جەنگی ڤێتنامدا، ئەم هێزە ئینسانیە پاشەکشەی بە گەورەترین و درندەترین دەوڵەتی بۆرژوازی – ئیمپریالیستی کرد، ئێستاش وەستانەوە بەرامبەر بە کۆمەڵکوژی و جینۆسایدی فەلەستینەکان لە غەززە بووەتە ئەو ساتە مێژوویەی کە مرۆڤایەتی بۆ بەرگری لەخۆی و بەهاکانی بەرامبەر بە شەرخوازی و میلیتاریزم و درندەیی بۆرژوازی و دەوڵەتەکانی ئامادەیە قۆناغێکی نوێ لە بەرەنگاری دەست پێبکات، سەنگەرەکانی خەباتی چینایەتی لەپێناو دنیایەکی باشتر و ئازادو ئارام و یەکسان بۆ دانیشتوانی سەر گۆی زەوی یەک لەدوای یەک دابمەزرێنێت.

ئەم جەنگە چینایەتیە لە رەتکردنەوەی کرێکارانی بەندرەکانی ئەوروپاو ئەمریکا بۆ بارکردنی کەلوپەلی جەنگی بۆ ئیسرائیل دەست پێدەکات تا دەگات بە مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی زانکۆکانی ئەمریکا دژی جینۆسایدی خەڵکی فەلەستین، تا خۆپیشاندانە بەردەوامەکانی رۆژانی شەممە لە لەندەن و شارەکانی دیکەی بەریتانیا و تا گەمارۆدانی پەرلەمان دژی سیاسەتی دەوڵەتی بەریتانیا بۆ هاوکاری و پشتیوانی ئیسرائیل، تا خۆپیشاندانی دەیان هەزار کەسی لە رۆمای پایتەختی ئیتالیاو ستۆکهۆڵمی پایەختی سوید و پاریسی پایتەختی فەرەنسا دژی برسیکردن و جینۆسایدی خەڵکی غەززە، تا گەشتە مەترسیدارەکەی کەشتیی مادلین بۆ غەززە بۆ شکاندنی گەمارۆی ئیسرائیل، تا بە رێپێوانی هەزاران کەسی لە نزیکەی ٥٠ وڵاتی دنیاوە، لە قاهیرەوە بۆ دەروازەی رەفەح و هەڵدانی خێمە، لەرۆژانی داهاتوودا، وەکو هاوپشتیەک لەگەڵ خەڵکی برسیکراوی غەززە و بۆ شکاندنی گەمارۆی درندانەی دەوڵەتی ئیسرائیل، کەسەربازی رێگریکردن لە گەیاندنی هاوکاریە مرۆییەکانی وەکو خواردن و کەلوپەلی دەرمانی و پزیشکی، رۆژانە هاوڵاتی برسی فەلەستینی لەکاتی چوون بۆ ئەو چەند ناوەندی دابەشکردنەی خۆراکە کە لە غەززە کراوەتەوە، قەتڵوعام دەکات!

ئەم هێزە جیهانیە راچەنیوەی مرۆڤایەتی راستەقینە، کە هەروەکو چۆن دەوڵەتانی بۆرژوازی ئەوروپی ناچارکردووە لە پشتیوانی بێمەرجی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە بەناوی بەرگری لەخووە، ئاوازەکانیان بەرەو فشارخستنەسەر ئیسرائیل بگۆڕن، بۆئەوەی دەستبەرداری برسیکردنی خەڵکی غەززە بێت و تەنانەت سەرۆکی فەرەنسا بڵێت کە بەرەسمی ناسینی دەوڵەتی فەلەستین نەک کارێکی سیاسی بەڵکو پرسێکی ئەخلاقیشە، بەهەمانشێوە دەتوانێ خەڵکی غەززە لەژێر چنگی دەوڵەتی ئیسرائیل رزگاربکات و کۆتایی بە جینۆسایدی فەلەستینیەکان بهێنێت، هاوکات دەرگای چارەسەری پرسی فەلەستین، سەرەڕای سەربادانەکانی ئیسرائیل و نەتەنیاهو و ئەمریکای دۆستی هەمیشەیی ئیسرائیل، بکاتەوە! ئەوەش سەرکەوتنێک دەبێت بەئاراستەی شەری سەروماڵی لەگەڵ ئەم سیستەمە گەنیوو دارزیوەی بۆرژوازیدا بۆ دامەزراندنی دنیایەکی باشتر بۆ مرۆڤایەتی.

**ئۆکتۆبەر** بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانە

سەرنوسەر : موحسن کەریم

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێڵ: Muhsin_km@yahoo.com

ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=3

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

# ناسیونالیزم و کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕێگاچارەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری!

## بەیاننامەی هاوبەشی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق

مەسەلەی کورد هەمیشە لەژێر کاریگەریەکانی دۆخی جیهانی و کێشمەکێش و ملاملانێی هێزە ئیمپریالیستیەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە و ئەو گۆڕانکاریانەی لە هاوکێشەی هێزەکاندا بەدیهاتوە، هەڵکشان و داشکانی بەخۆیەوە گرتوە. لە قۆناغی ئێستادا کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە یەکێک لە مەیدانەکانی یەکلاکردنەوەی ناوچەکانی نفوز و دوبارە دابەشکردنەوەی جیهان، جارێکی تریش مەسەلەی کوردی بەدیاریکراوی بەدوای ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد لە سوریا و زەربەخواردنی هێزەکانی ”بەرەی مقاوەمەت“ و پاشەکشەپێکردنی نفوزی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا، مەسەلەی کورد لە ئاستێکی فراوانی ناوچەیی و جیهانیدا هاتۆتەوە سەر شانۆی ڕوداوە ناوچەییەکان. ئەم ڕاستیەش بەپێویست لەلایەکەوە مەسەلەی کوردی کردۆتە کارتێکی سیاسی بەدەست ئەمریکا و ئەوروپا و ئیسرائیل و دەوڵەتانی ناوچەکەوە، بۆ وەرگرتنی ئیمتیازاتی سیاسی لە یەکتر و ڕێکخستنەوەی هاوکێشەی سیاسی نێوانیان، وە لەلایەکی تریشەوە پێگە و ڕۆڵی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی لەهەموو ئەو وواڵاتانەی ناوچەکەدا کوردی لێدەژی، چالاک کردۆتەوە. هەریەکەیان لەسەربنەمای ئەم دۆخە تازەیە و گۆڕانکاریەکانی، لە هەوڵی گرتنەبەری ئامانج و سیاسەتی تازەدان. پەیامەکەی ئۆجەلان بۆ دانانی چەک و هەڵوەشانەوەی پەکەکە و هەروەها ڕێکەوتنەکەی نێوان هەسەدە و ڕژێمە کاتیەکەی ئەحمەد شەرع، بە ئاگاداری ئەمریکا و ڕوسیا و دەوڵەتە مەیداندارەکانی ناوچەکە و بەستنی ”کۆنفرانسی یەکڕیزی کورد“ لە سوریا بە بەشداری پارت و لایەنە کوردیەکانی تورکیا و عێراق و سوریا دەرکەوتەکانی ئەم ڕاستیەن.

لەم پەیوەندەدا ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی لە ئێران، بەتایبەتی حیزبی دیموکرات، کە پێش ئەم ڕووداوانەی ناوچەکە، لەژێر گوشاری هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بوون، ئێستا چاویان لەوە بڕیوە کە گوایە ”دوای ڕوخانی بەشار ئەسەد، نۆرەی ئێرانە“! بەمجۆرەش لە هەوڵی پێکهێنانی بەرەی حیزبە کوردیەکاندان لە بڕۆکسڵ و بەدیار ئیسرائیل و ئەمریکاوە، سیاسەتی چاوەڕوانی تێدەپەڕێنن. خەو بە ئەگەری دەرفەت بۆ پێکهاتنی قەوارەی کوردی لە بابەت هەرێمی کوردستانی عێراقەوە دەبینن. ئەمە لە کاتێکدایە کە دەرگای دانوسانی ژێربەژێریان، لەسەر بنەمای ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە لاوازیدایە، ئاوەڵا هێشتۆتەوە.

لە تورکیا و سوریاش لەلایەک بەهۆی نفوزی سیاسی و سەربازی دەوڵەتی تورکیا لەئاستی ناوچەکە و بەتایبەتیش ڕۆڵی حکومەتەکەی ئۆردوگان لە ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد و گەیاندنی پاشماوەکانی ئەلقاعیدە و بەرەی نوسرە بە دەسەڵاتێک کە لە بازنەی سیاسەت و بەرژەوەندیە ناوچەییەکانیدا دەرنەچێت، وە لەلایەکی ترەوە، خودی پەکەکەش وەک هێزێکی ناوچەیی کە ساڵانێکە هەم لەناوخۆی تورکیادا و هەم لە سوریادا، پێگە و نفوزێکی بەهێزی هەیە، چارەنوس و داهاتوی مەسەلەی کورد و ناسیونالیزمی کوردی لەم دوو وڵاتەدا، لێکگرێداوە. بەتایبەتی دوای پەیامەکەی ئۆجەلان بۆ چەکدانان و هەڵوەشانەوەی پەکەکە لەژێرناوی ”پرۆسەی ئاشتی“دا! بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەی کە گوایە ئۆجەلان دەستپێشخەری ئەم ئاشتیەی نێوان پەکەکە و حکومەتەکەی ئۆردوگانی کردووە، ئەوە خودی دەوڵەتی تورکیایە کە تانوپۆی ئەم پرۆسەیەی چنیوە، تا لەسەرێکەوە بەسەر قەیرانەکانی ناوخۆی خۆیدا زاڵ بێ و فەزایەک بۆ جێگیری دەسەڵاتەکەی برەخسێنێ و لەسەرێکی دیکەوە کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم جێگیربوونی وەکو هێزێک و یاریزانێکی ناوچەیی هەڵبگرێت و کەشێکی ئارامی سیاسی و ئەمنیش لەبەردەم پڕۆژە ئابوریەکانی لەناوچەکەدا پێکبهێنێ. سەرباری ئەوانە سنورێکیش بۆ ڕۆڵی هەسەدە دابنێت کە وەکو بەربەستێک لەبەردەم هەژمونی خۆی بەسەر دەسەڵات لە سوریادا دەیبینێت.

لەڕاستیدا ئەوەی هەم لە پەیامەکەی ئۆجەلان و هەم لە زمانی سەرانی حوکمەتە فاشیستەکەی ئۆردوگاندا دەردەکەوێت، ناوەڕۆکی ئەوەی ناوی نراوە ”پرۆسەی ئاشتی“، بەندوبەست و سازانی ئەم دوو لایەنە و بەدەستەوەگرتنی مەسەلەی کوردە وەک کارتێکی سیاسی بۆ وەرگرتنی ئیمتیازات لەیەکتر. بەتایبەتی هەم ئۆردوغان ئەوە باش دەزانێ کە جەنگ و میلیتاریزم بەهەموو خەرجی و زیانەکانیەوە،

⇦

بەناوی "شەڕ لەدژی تیرۆر" ناتوانی پەکەکە لەڕیشەوە هەڵکێشێ، وە هەم ئۆجەلانیش لەمێژە لەوەگەیشتوە کە "خەباتی گەریلاو پێشمەرگایەتی" برەوی نەماوە و ناتوانی هاوسەنگی هێز بەقازانجی بەشداربونی بورژوازی کورد لە دەسەڵاتدا بگۆڕێ. بۆیە تاکتیکی تازەی بورژوازی کورد دەستهەڵگرتنە لە خەباتی چەکداری بە قازانجی برەودان بە خەباتی سیاسی و قانونی لە شارەکان. ئەمەش بەکردەوە لە تورکیادا پێش ئەم پروپاگەندانەی هەردولا دەربارەی پرۆسەی ئاشتی دەستی پێکردوە و ناویانناوە "چارەسەری ئاشتیانە و دیموکراتیانەی کێشەی کورد".

لە عێراقیش ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی بەگشتی و پارتی بەتایبەتی، کە سیستەم و دەسەڵاتەکەیان لەبنبەستدا چەقیوە و ناکۆکی و پەرتەوازەیی یەخەی پێگرتوون، ڕووداوەکانی ناوچەکە بەگشتی و ڕوخانی ئەسەد و پەیامەکەی ئەم دواییانەی ئۆجەلانیش بۆتە فرسەتێک کە جارێکی تر مەسەلەی کورد وەک کارتێکی سیاسی بەدەستەوە بگرێ بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی سیاسی. ئەوەی کە حکومەتی هەرێم و بارەگای مەسعود بارزانی و بنەماڵەکەی بۆتە پێگەیەک بۆ جولە دیبلۆماسیەکان و ئەو پروپاگەندەیەی بەم بۆنەیەوە سەبارەت بە ڕۆڵی ڕابەری نەتەوەیی بارزانی بۆ "مافە نەتەوەییەکانی کورد" بەرپایان کردوە، لە ناوەڕۆکدا شتێکی زیاتر نییە لەوەی کە پارتی و حکومەتەکەی بە قازانجی بردنەپێشەوەی ستراتیژی تورکیا لەناوچەکەدا ڕۆڵ دەگێڕێ، تا لە بەرامبەر ئەمەدا لەناوخۆی کوردستاندا خۆی بەسەر خەڵکی نارازی و حیزبەکانی نەیاریدا زاڵ بکا و هەم لەبەرامبەر حکومەتی عێراق و کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، سود لەنفوزی تورکیا لەناوچەکەدا، وەربگرێ..

لەهەموو ئەم واقعیەتانەدا چەند ڕاستیەک بەرجەستەیە:

١/ دەوڵەتانی زلهێزی جیهان و ناوچەکە، بەتایبەتی ئەمریکا و ئەوروپا کە خۆیان بە "دۆست و پشتیوانی کورد" هەڵدەخەن، بەناوی ئەم دۆستایەتیەوە، هێزی سەربازییان لەناوچەکەدا جێگیرکردوە و "کوردەکان"یان بەکردەوە کردۆتە هێزێکی پارسەنگ و وەکیل بۆ ڕاگرتنی هاوکێشەی هێزی جەنگییان بەرامبەر نەیارە جیهانی و ناوچەییەکانیان. کاتێکیش گۆڕانکاری لە ڕژێمەکانی ناوچەکەدا دێتەکایەوە، لە نمونەی عێراق و سوریا، بە داکۆکیکردن لە "یەکپارچەیی خاک"، ناوبردنی کێشەی کورد بە ماف و کێشەی "پێکهاتە و کەمایەتیەکان" مامەڵەدەکەن! ئەم دەوڵەتانە کە مێژوویەکی کارەساتباریان هەیە لە یاریکردن بە مەسەلەی کوردەوە، هیچ کات ڕێگاچارەیەکی سیاسی و عادیلانە بۆ کێشەی کورد جێگایەکی نەبووە لە سیاسەتی ئەواندا. لە دۆخی ئێستاشدا بەشوێن بەرژەوەندیە سیاسی و سەربازی و ئابوریەکانی خۆیانەوەن و مەعلومیش نییە کەی پشت لە"دۆستە کوردەکان"یان دەکەن و کارەساتێکی تر بەسەر خەڵکی کوردستاندا دەهێنن!

٢/ دەوڵەتانی ناوچەکەش لەکاتێکدا هەریەکەیان بە سەرکوت و ملهوڕی و میلیتاریزم و داسەپاندنی ستەم بەسەر هاولاتیانی کوردزمانی ژێردەستیاندا بەڕێوەدەبەن، لە ڕێگای لەباوەشگرتن و بەکاربردنی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لە پارچەیەکی تری کوردستان، لە کێشمەکێشە ناوچەییەکانیاندا لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە، خۆیان وەک لایەنگری "کوردانی بەشێکی تر" هەڵدەخەن! لێرەشەوە بەردەوام یارییان بە مەسەلەی کوردەوە کردوە و لەدژی یەکتر و بۆ ڕاگرتنی هێزهاوسەنگی نێوانیان بەکاربردووە. ئەم دەوڵەتانە خۆیان هۆکار و سەرچاوەی ستەمی نەتەوایەتی و مانەوەی کێشەی کوردن، لە دۆخی ئێستاشدا لەڕێگای بەکاربردنی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردەوە وەکو هەمیشە یاری بەم مەسەلەیە دەکەن.

٣/ ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی کوردایەتی لە گۆڕانکاریەکانی ئێستای ناوچەکەدا، بە ڕاوەستان لەسەر ئەو درز و کەلێنەی لە هێزهاوسەنگی نێوان دەوڵەتانی ناوچەکە و هێزە جیهانیەکاندا پێکهاتووە، مەسەلەی کورد و بێدەرەتانی خەڵکی کوردستان بەکاردەهێنن بۆ شەریکبونەوەی خۆیان لە دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزیدا. ئەوەی ناویان ناوە مافی کورد هیچ نییە جگە لە پچرینی سوچێکی دەسەڵاتی سیاسی بۆ خۆیان لە پاڵ دەوڵەتانی مەرکەزیدا. ئەمەش هیچ پەیوەندیەکی بە مافەکانی خەڵکی کوردزمان و چارەسەری کێشەی کوردەوە نییە. لە جەرگەی هەلومەرجی ئێستا و "پرۆسەی ئاشتی"دا هیچ باسێک لە مافە فەردی و مەدەنیەکانی خەڵکی کوردستان و گێڕانەوەی ئیرادە بۆ ئەوەی ئەم خەڵکە بریار لە چارەنوسی خۆی بدات، نییە. تەنانەت نە "پرۆسەی ئاشتی" و نە ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد بەدوای گۆڕانکاریەکی ئەوتووە نین لە دەستور و نیزامی سیاسی دەوڵەتانی مەرکەزیدا کە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و خەڵکی ناوچەکەدا بێت و مۆدێلێکی سیاسی سیکولار و پێشرەو نوێنەرایەتی بکات و ڕێگایەکی سیاسی بۆ چارەسەری کێشەی کورد، بکاتەوە.

٤/ ناسیونالیزمی کورد و "ئەزمونی ڕۆژئاوا" لە سوریا، بەهەر جیاوازیەکەوە کە لەخۆی نیشانداوە، وەک ئەوەی بەرهەمی هەلومەرجێکی سیاسی دیفاکتۆ و نائاساییە، سەرباری ئەوەی لە ١٤ ساڵی رابردودا لە چەند بواردا ڕۆڵێکی ئیجابی

بینیوە؛ ڕێگای بڕی لە ڕۆچوونی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بۆ ناو ئەو سیناریۆ تاریکەی باڵی بەسەر سوریادا کێشا و ئاسایشی ئەو ناوچانەی دابین کرد، بەرامبەر بەربەریەتی ئیسلامی داعش ڕاوەستا و ڕێگای گرت لەوەی کارەساتی شەنگاڵ دوبارەبێتەوە، لە پەیوەند بە مەسەلە و مافەکانی ژنانەوە ڕۆڵێکی ئەرێنی گێڕا، جلەوگیری کرد لە دنەدان بە ناکۆکی قەومی، بەڵام بەوپێیەی کە هەسەدە و ئەزمونەکەی پشتی بە پشتیوانیە سەربازی و داراییەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەستوە، دەرگای وەرگرتنی هاوکاری و دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلی بەکراوەیی هێشتوەتەوە، هەروەها ڕێکەوتنە ٨ خاڵیەکەی نێوان ئەحمەد شەرع و مەزلوم عەبدی، نەک هەر ئاسۆیەکی ڕوون بۆ چارەسەرێکی سیاسی پێشڕەوانەی بۆ مەسەلەی کورد و ئاییندەیەکی باشتر بۆ خەڵکی ناوچەکە نیشان نادەن، بگرە ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەمانە ببنە سەرەتایەک بۆ یەکلابونەوەی ئەم "ئەزمونە" لەچوارچێوەی ڕێگاچارەی ئەمریکایی و دەوڵەتانی ناوچەکە و ڕۆچوون بەرەو هەمان سونەت و سیاسەتی باڵەکانی تری ناسیونالیزمی کورد لەئاستی ناوچەکەدا. ئەم ئاراستەیەش لە "کۆنفرانسی یەکریزی کورد" کە لە قامیشلی بەسترا، لەنێوان هەسەدە و لایەنە سیاسیەکانی ناو ئەنەکەسە کە لەسەر پارتی حساب دەکرێن، بەشێوەیەکی ڕوونتر بەرجەستە بوو.

بەرەچاوکردنی ئەم بارودۆخە ناوچەیی و جیهانیە و ڕۆڵێک کە هێزە ئیمپریالیستی و ناوچەییەکان و ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد دەیگێڕن، ئەو ڕاستیە ڕوون دەبێتەوە کە چارەسەری ڕیشەیی ستەم و کێشەی کورد لە ناوچەکەدا، لەناو گێژاو و ناڕوونیدا و لە پەیوەند بە بەرژەوەندیە سیاسی و ئەمنی و ئابوریەکانی هەریەک لەم هێزانەدا دەسوڕێتەوە. ڕێگاچارەیەکیش کە لە بەرگی "مافی پێکهاتەکان"، "خۆسەری و لامەرکەزیەت"، "مافی کەلتوری و خوێندن بە زمانی دایک"، تا "فیدرالیزم و کرانەوە و دیموکراسیزەی دەسەڵاتە مەرکەزی و سەرکوتگەرەکانی ناوچەکە" لێرەولەوێ باس دەکرێ، لەبنەڕەتەوە لەسەر "پیرۆزکردنی یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتانی ناوچەکە" ڕاوەستاوە. ئەمەش شتێکی تر نییە جگە لە ڕێکخستنەوەی سیستەمی دەسەلاتدارێتی بۆرژوازی لە ناوچەکەدا لەگەڵ ڕێگەدان بە حیزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بۆ بەشداریکردن لە دەسەڵات، لەسەر بنەمای دابەشکاری قەومی هاولاتیان. ئەمەش نەک هەر مەسەلەی کورد وەک برینێک بە جەستەی کۆمەڵگاکانەوە دەهێڵێتەوە بگرە دەرگا بەڕووی قوڵبوونەوەی کێشەی قەومی دەکاتەوە.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری یاریکردن بە ژیان و چارەنوسی خەلکی کوردستان مەحکوم دەکات، هاوکات هەرجۆرە بڕیارێک لەبارەی ئایندەی سیاسی خەڵکی کوردزمانەوە لەهەر وڵاتێکدا، بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای گشتی خەڵکەکەی و تەنها لەسەر بناغەی بڕیاری دەوڵەتی مەرکەزی، یان ڕێککەوتنی سەروخەڵکیی نێوان دەوڵەت و حزبە محەلیە بۆرژوا ناسیونالیستیەکان، بە نامەشروع و دژ بە ئیرادەی سیاسی ئەوان دادەنێت. لەم ئاراستەیەشدا حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری گەلاڵە جۆراوجۆرەکانی وەک، "حوکمی زاتی و خۆجێی، لامەرکەزیەت و فیدرالیزمی نەتەوەیی" بۆ ناوچە کوردنشینەکان کە لەلایەن هێزەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردەوە دەخرێتەڕوو، نە تەنها بە هەنگاوێکی ڕوولەپێش، بەئاقاری چارەسەرکردنی کێشەی کورد نازانێت، بەڵکو ئەم تەرحانە لەبنەڕەتەوە بۆ بەشداریکردنی ئەم هێزانە لەدەسەڵاتی ناوەندی و هێشتنەوەی ناسنامە و دابەشبونە نەتەوەییەکان لەناوچەکەدا دەزانێ.

خەڵکی کوردزمان هەقیانە وەک هاوڵاتیەکی یەکسان لە هەموو بەشەکانی کوردستان، بە مافی یەکسانەوە لەچوارچێوەی دەوڵەتانی ناوچەکەدا بژین. هەرجۆرە دابەشکردنی کۆمەڵگاکان بەسەر ناسنامەی دروستکراوی نەتەوەیی و دینی و تائیفی و ڕەگەزییەوە، نەک هەر کۆتایی بە کێشمەکێش و ململانێی نەتەوەیی ناهێنێت، بەڵکو کۆمەڵگا لەبەردەم گێژاو و تەنگژەی نەتەوەیی و تیرەگەری و دەمارگیری ئاینیدا لەلایەن نوینەرانی سیاسی و چەکداری هەر ئەم ناسنامە درۆزنانەوە ڕادەگرێ. پێکهێنانی حکومەتێکی سیکولاری نەقەومی و نەدینی و بەڕەسمیناسینی مافی هاولاتیی یەکسان بۆ هەموان و بەمپێیەش گۆڕانکاری لە سیستەمە سیاسیەکانی ئێستای ناوچەکەدا و جێگرتنەوەیان بە سیستەمی سیاسی کە ئازادیەکان و مافە فەردی و مەدەنیەکان و ژیانێکی شایستە بۆ هەموان دەستەبەر بکات، زامنی کردنەوەی دەرگایە بەڕووی هەڵگرتنی ستەمی نەتەوەیی و چارەسەرێکی سیاسی و عادیلانەی کێشەی کورددا .

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەکو پرەنسیپێکی گشتی خوازیاری پێکەوژیانی خەڵکی سەر بە نەتەوە جیاجیاکانە وەکو هاووڵاتیانی ئازاد و خاوەن مافی یەکسان لە چوارچێوەیەکی ووڵاتیی گەورەتردا. ئەم پێکەوەبوونە زەمینە دەرەخسێنێ بۆ پێکهێنانی ڕیزی بەهێز و توانای چینی کرێکار لە مەیدانی خەباتی چینایەتیدا. لەگەڵ ئەمەشدا و لەو وڵاتانەی کە پێشینەی ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردزمان کێشەی کوردی کردوە بە کێشەیەکی سیاسی و قورسایی لەسەر کۆمەڵگاکان دەکات، لە ڕوانگەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە ڕێگاچارەی سیاسی عادیلانە،

گەڕانەوەیە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان لەڕێگای بەرپاکردنی ریفراندۆمی گشتی و ئازاد لە ناوچە کوردنشینەکان، لە فەزایەکی دوور لە هەرجۆرە زەخت و فشار و هەڕەشەیەک، بۆئەوەی خەڵکی کوردستان بڕیار لەسەر چارەنوسی سیاسی خۆیان بدەن لەنێوان مانەوە لەگەڵ باقی دانیشتیوان بە بەهەرەمەندبون لە مافی یەکسانی هاولاتیبونی هەموو دانیشتوان، یان جیابونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ. ئەنجامی ریفراندۆم هەرچیەک بێت، دەبێ وەکو بڕیاری ئازادانەی ئەم خەڵکە جێبەجێ بکرێت. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئەم مافە بۆ خەڵکی کوردستان بەڕەسمی دەناسێ و بە هەموو توانا بۆ دەستەبەرکردنی خەبات دەکات و دژی ستەمی میللی و هەرجۆرە زەخت و زۆرێک بەرامبەر خەڵکی کوردستان و بڕیاری ئازادانەی ئەم خەڵکە ڕادەوەستێت.

هەروەها حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، خەباتی یەککگرتوانە و هاوبەشی چینی کرێکاری نەتەوە جیاوازەکان لە هەریەک لەو ولاتانە بۆ لەگۆڕنانی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستی، بە ڕیگاچارەیەکی ڕیشەیی دەزانێ بۆ کۆتاییهینان بەهەموو جۆرەکانی جیاکاری و ستەم و چەوسانەوە و شەڕ و رکابەریە نەتەوەیی و دینیەکان و زامنکردنی ئاشتیەکی پایەدار لەناوچەکەدا، کە هاوکات ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموو دانیشتوان زامن دەکات.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**کۆتایی ئایاری ٢٠٢٥**

# بەغدا و هەولێر لەژێر فشاری ململانێیەکی بەردەوامدا!

## عوسمانی حاجی مارف

لەدوای ٢٠٠٣وە ناکۆکی و ئاژاوە لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق هەرگیز نەوەستاوەو ناوەستێت، لەدڵی ئەو ناکۆکیانەدا پەیوەندیە گرژییەکەی نێوان بەغدا و هەولێر، چەندین بێهیوایی تێدا چێندراوە و مانایەک بۆ ئارامی سیاسی جێگەی نابێتەوە، پێکهاتەو دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی لە بەغداو هەولێر ڕۆشناییەک نادا بەدەستەوە کە ئاسودەیی بۆ دانیشتوانی عێراق و کوردستانی تیا بەدیبکرێت.

هەڵبەتە هیچ گومانی تیا نیە کاتێک پێکهاتەی دەسەلاتێک بە هێزی تائیفی و ئیسلامی و قەومی و بنەماڵە ومیلیشیا دامەزرابێت، بێگومان بەردەوام جەردەو مافیا و گەندەڵی بەرهەم دەهێنێتەوە، پەیوەندیەک کە لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ بە شەراکەتێک بە ڕوخساری ساختەی هیوا دەستپێکرد، بەناوی فیدراڵی و پێکەوەژیانی "عەرەب و کورد و شیعە و سونە" ڕاگەیەندرا، حەتمیە کە ئەم ڕۆژگارە ناهەموارەی ئێستای لێ بەدەست دێت، کە خەڵکی ناتوانن ساتێک بە بێنیگەرانی بخەون.

ئەم شەراکەتە کۆنەپەرستانەیە لە پێکهاتەی هەردوو حکومەتی بەغداو هەولێر بۆ بەشداری لە دامەزراندنی "عێراقێکی نوێدا"، وایانڕاگەیاند کە فیدراڵی و دەستوور دەبێتەهۆی زامنی ئەو مافانەی کە لەمێژە خەباتیان بۆ کراوەو قوربانی بۆدراوەو ڕاپەڕینی بۆ کراوە! ئەوەی دەبینین تەواو پێچەوانەکەی پیادەکراوە و پیادە دەکرێت.

بەڵام بەدوای بەخشینی ئەو هیوا ساختانە، دیمان کە چۆن وردە وردە بەریەکدەکەوتن و درزی ناکۆکیەکانیان کراوەترە لەناو لیتاویکی خەستدا، لەبەرامبەر واقعێکی سیاسی ئاڵۆزدا، یەکتر دەخلیسکێنن، هەرلایەک گوریسەکە بۆ بەرژەوەندی زیادبونی پێگەو نفوزی سیاسی خۆی ڕادەکێشێت، لەپێناو بەدەستهێنانی زۆرترین بەرهەمی دزی و تالانی و قۆرخکردنی زۆرترین سەروەت وسامانی عێراق و کوردستان، هەر ئەمەش ئاراستەیە بۆ کەڵەکەبونی سەرمایە و سەرمایەگوزاری بۆ بەرپرسەکان.

یەکەم نیشانەکانی لیتاوی فیدرالیزم لە ساڵی ٢٠٠٧وە دەستپێکرد، کاتێک پەسەندکردنی یاسای نەوت و غازی فیدراڵی، کە یاسایەکە لە دەستووری عێراقدا هاتووە (ماددەی ١١١ و ١١٢). بڕیار بوو ئەم یاسایە پەیوەندی نێوان ناوەند و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکان بە هەرێمی کوردستانیشەوە، ڕێکبخات. بەڵام لەوکاتەوە نەوت لە سەرچاوەیەکی هاوبەشەوە گۆڕاوە بۆ سەرچاوەیەکی درێژخایەن بۆ ململانێ و داگیرکاری چاڵەنوتیەکان لەلایەن هێزە میلیشیاکانەوە، کە تێیدا هەموو شتێک لە سیاسەت و یاسا و پێکهاتەی هێزە سیاسیەکان و دەسەلاتی سیاسی وەها تێکەلاوبون، بەرژەوەندیەکان ئەوەندە ئاڵۆزبون، جگە لەکۆتاییهێنان بە تەواوی هێزە میلیشیاکانی کوردستان و عێراق، ڕێگایەکی تر نیە کە بتوانێت زاڵبێت بەسەر ئەم ناجێگیری و گێژاو و کارەساتانەدا. لەڕاستیا تەواو بونەتە مایەی جۆرێک لە دەردیسەری و بارگرانی بۆ دانیشتوان، کۆتایەکەشی نادیارەو نەزانراوە. دواتریش پێکهاتنی ئەو دامودەزگایانەی بەناوی دەستەی دەستپاکی دەوریان درایە، تا

کارێک دژی گەندەڵی ڕێکبخەن، بەڵام بەبێ توانایی و شەرمەزاری و شکستەوە کارمەندەکانی دەزگای دەستپاکی بێدەنگیان لە کارەکەیان هەڵبژارد.

پەیوەندی نێوان بەغدا و هەولێر هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەی لێ ناکرێت لە ڕێگەی بڕیاری دارایی و دانوستان و گفتوگۆ لەسەر دان و نەدانی مووچە ئاسایی بێتەوە و ڕێکبخرێت، هیچ بوارێک بۆ زەمینەی ڕێکخستنیان نیە و نابێت، چونکە سروشتی پێکهاتەی هێزو دەسەڵاتیان پاشکۆبونیانە بە بەرژەوەندی وڵاتانی ترەوە، کە ڕێگەیان پێنادت بتوانن مامەڵەی یەکرێزی و هاوبەشی بکەن، بۆیە لەهەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسیدا و گۆڕینی هاوسەنگی هێزیان دەکەونە گیانی یەکترو شەڕی ئاشکرای بەرژەوەندیەکانیان دەکەن. لەهەمانکاتدا بێئرادەکردنی خەڵک و شکاندنی شکۆی هاوڵاتیان هەمیشە ئەنجامی کارەکانیانە.

لەدوای ساڵی ٢٠١٤ ەوە، قەیرانەکە وەرچەرخانێکی توندتری بەخۆیەوە بینی، حکومەتی فیدراڵی پشکی هەرێمی لە بودجەی هەرێم ڕاگرت، ئەوەش بەهۆی وەڵامنەدانەوەی هەولێر لە گەیاندنی داهاتی نەوت بۆ کۆمپانیای سۆمۆ بوو. پاشان ساتی گەورەترین تەقینەوە لە ساڵی ٢٠١٧ هات، کە هەرێمی کوردستان ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجامدا، هەنگاوێک کە پەیوەندیەکانی نێوان بەغداو هەولێری تەواو ئاڵۆزکرد، بواری لێکتێگەیشتن و دانوسانی تەواو داخست، لەهەمانکاتدا وەڵامی بەغدا زۆری نەخایاند، کە چ سەربازی و چ سیاسی لە وەرگرتنەوەی کەرکوک و بڕینی بودجەی تەواوەتی درێغی نەکرد، تەنانەت سەپاندنی ڕێوشوێنێک بوو کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر بێئومێدی و مەترسی زیاتر بۆ سەر ژیانی هاووڵاتیان دانا.

ئێستاش لە دەستبەکاربونی مەسرور بارزانی، دوایین دەستپێشخەریەکەی سەردانێکی بوو بۆ واشنتۆن لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا، کە لەئەنجامدا دوو گرێبەستی وەبەرهێنانی لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکیەکان واژۆکراوە، لە هەنگاوێکدا کە ئامانج لێی پەرەپێدانە بۆ دەرهێنانی غاز لە کوردستان، کە کاریگەری لەسەر سیستەمی وزە لە سەرانسەری عێراقدا دەبێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە مەسرور و حکومەتی هەرێم جارێکی تر هەوڵی شکاندنی سووری دوورکەوتنەوەیان داوە لەبەرامبەر حکومەتی بەغدادا، لەبەرامبەر ئەو ڕێکەوتن و بڕیارانەی کە پێشتر دەربارەی وەبەرهێنان و نەوت و بازرگانی و کۆنترۆڵی سنورەکان دراوە.

ئەمەش ئێستا دەرگاکانی دیالۆگی نێوان بەغدا و هەولێری داخستووە، مانای ڕەنگدانەوەی دۆخێکی تازەیە لە عێراق و ناوچەکەدا، کە لە یەکەم هەنگاودا، بەدوای گەڕانەوەی مەسرور لە سەردانەکەی بۆ ئەمریکا، وەزارەتی دارایی عێراق ڕاگرتنی بودجەی بۆ مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بۆ تەواوی ئەمساڵ ڕاگەیاند، لە بەیاننامەیەکدا کە لە ٢١ی ئایاری ئەمسالدا بڵاوکرایەوە. کاتەکەی بەڕێکەوت نەبووە، ڕۆشنە کە پەیامێکی سیاسیە و مووچەی سەدان هەزار فەرمانبەر دەکرێتە کەرەستەیەک لە سەوداومامەڵەی قۆڵبڕینی سیاسی و فرتوفێڵی نێوان بەغداو هەولێر، هەربۆیە ئەمڕۆ هاوڵاتی هەرێم باجی ناکۆکی و ململانێی نا سەقامگیری و بژێویەکی سەخت ئەدەن کە بۆخۆیان هەڵیان نەبژاردووە.

گرێبەستەکانی ئەم دواییەی مەسرور کە لەگەڵ دوو کۆمپانیای ئەمریکی لە کەرتی غازدا واژۆیان کردووە، جارێکی دیکە ناکۆکیەکانی بەغداو هەولێری بەرەو هەڵکشان بردەوە، ئەم بڕیارەی بارزانی دۆخەکە بەرەو کام ئاراستەیە دەبات و پەیوەندی هەوڵێرو بەغدا چۆن پێناسە دەکرێتەوە و چ بەڵایەکی تر دەکەنە دیاری بۆ دانیشتوان، جارێ وەڵامێکی ڕۆشنی نیە!

ئەم هەنگاوەی بارزانیەکان لەو شوێنەوە بەدواداچونیان بۆ کردووە، کە دەخالەتی ئەم دەورەیەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا ئەوە نیشان ئەدات، فشاری گەورە لەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران و حکومەتی شیعەی عێراق هەیەو پاشەکشەیان پێدەکرێت، لە هەمانکاتدا ئەگەری هەڵوەشاندنی حەشدی شەعبی بەدور نازانرێت، لەلایەکی ترەوە ئەمریکا بەزارەکی پشتیوانی بۆ هەرێم نیشانداوە، کە بەشێوەیەکی گشتی دۆخەکە ئەوە نیشان ئەدات لەم ئاڵوگۆرانەدا هاوسەنگی هێزی بارزانی تەکانێکی بۆ پێشەوە داوە و جارێکی تر لەبەرامبەر هێزە شیعەکانی عێراقدا سەرکێشی دەکاتەوە، بارزانی بۆ ئەم هەنگاوەی سەبارەت بە گرێبەستەکانی لەگەڵ دوو کۆمپانیای ئەمریکی، بەئاشکرا ئەو سنورەی پچراند کە دەبوا بگەرێتەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێکەوتنانەی لەگەڵ حکومەتی عێراق کردویەتی. بەغداش لەبەرامبەریدا سزای فەرمانبەرانی هەرێم ئەداو موچەکانیان بە بارمتە دەگرێت، بەڕاستی ئەوەی جێگای پرسیارە تاکەی هاوڵاتیان وەک تاکە قوربانی ئەم ململانێ بەردەوامانە دەمێنێتەوە؟

★

**ئەگەرچی هەریەکە لە حکومەتی عێراق و هەرێم یەکتری بە پێشێلکردنی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و دەستور تۆمەتبار دەکەن، بەڵام هەردولایان بۆ بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی خۆیان دەستیان ناوەتە بینەقاقای موچەخۆرانی کوردستان و ئامادەن ژیان و قوتی خەڵکی کوردستان بکەنە کارتێکی سیاسی بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیەکانیان.**

# بەکارهێنانی مووچە وەک کارتێکی سیاسی دڕندەییە!

**دەشتی جەماڵ**

مووچە وقوتی خەڵکی کوردستان چەکی سیاسی نییە تا بتوانرێت بە ئاسانی لەکایەی سیاسی بەغداو هەرێمدا یاری پێبکرێت، موچەی مامۆستایان، پەرستاران،خانەنشینان، فەرمانبەرانی حکومی، کرێکارانی رشتە جۆراجۆرەکان .. دەبێ هەمیشە گەرەنتی بکرێت، دانوستانیان لەسەر نەبێت و لە دەستوەردانی سیاسی بپارێزرێت. بەڵام بەداخەوە ماوەی چەند ساڵێکە هەردوو حکومەتی عێراق و هەرێم لەپێناو بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی خۆیاندا لەململانێ سیاسی نێوانیان، دریژە بەم کردەوە دڕندانەیەو سووکایەتیکردنە دەدەن .

کرێکاران و فەرمانبەران لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بناغەو بڕبڕەپشتی جوڵەو چەرخاندنی هەر کۆمەڵگایەکن. ئەوان کە ڕۆژانە دەچنە سەرکارەکانیان و کاروباری کۆمەڵگا بەڕیوەدەبەن، لەبەرئەوە نیە کە فەرمانێکیان پێکراوەو دەبێ جێبەجێ بکەن، بەڵکو ئەوان بەناچاری بۆئەوەی خۆراک و پۆشاک و سەرپەنایەک بۆ خۆیان و خێزانەکانیان دەستەبەر بکەن، دەبێ هێزی کاریان بفرۆشن، دەبێ رەنج بدەن و زەحمەت بکێشن تا بەردەوامی بە ژیان بدەن، کەسەرەنجام ئەو زەحمەتەی ئەوان دەبێتە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکان بە کۆمەڵگا. ئەوان مامۆستایەکن کە منداڵەکانمان پەروەردە دەکەن، پەرستارن لە نەخۆشخانەکان ژیانمان رزگاردەکەن ، یان پاککەرەوەی شوێنە گشتیەکانن، کارگێرانی دڵنیابوون لە گەیشتنی خزمەتگوزارییەکان بۆ خەڵک!

برینی موچەی خانەنشینێک کە بەدرێژایی ژیانی خزمەتی بە کۆمەڵگە گەیاندوە، لەبری رێزگرتن لە ماندووبوون و خزمەتیان بە کۆمەڵگا، بەڵام مووچەکانیان ببردرێت کە تاکە سەرچاوەی ژیانیانە، تاوانێکە بەرامبەر بەوان دەکرێ. بەداخەوە هەر ئەو حکومەتەی کە بڕیارە ئیدارەی کۆمەڵگە بکات، ئامادە نیە کە مووچەی ئەوان و مووچەخۆرانی دیکە بدات! مافەکانیان پێشل دەکات! خۆیان و خێزانەکان برسی دەکات! وادەکات منداڵان واز لە خوێندن بهێنن جونکە دایکوباوکیان ناتوانن خەرجی خوێندنیان دابین بکەن. قەرزەکانیان لەسەر کەڵەکە دەبێت، تەندروستی دەروونیان تێکدەچێت!

حکومەتی هەرێم و ناوەند بەهۆی ناکۆکیەکانیانەوە لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و داهات، خەڵکی کوردستان و موچەخۆران دەکەنە قوربانی لەونێوەدا، نانیان دەبڕن.. سەرچاوەی ژیانیان زەوت دەکەن. بەم سیاسەتە نامرۆڤانەیەی بەڕێوەی دەبەن، سزای یەکتر نادەن، بەڵکو سزای خەڵک دەدەن و ژیانی وقوتی خەڵک بە بارمتە دەگرن! لەکاتێکدا پارە و موچەی پەرلەمانتارو وەزیرو دەستو پیوەندەکانیان، هێزە ملیلیشاکانیان وەدەزگاکانی راگەیاندنیان بۆ تەنها رۆژێکیش دوا ناکەوێت! پارەی گەندەڵی بەقاچاغبردنی نەوت و داهاتی ناوخۆ و خاڵەسنوریەکان ، وەرگرتنی رسومات وداهاتی ناوخۆیان بۆ یەک چرکەش ناوەستێ .

ژیانی فەرمانبەران و کرێکاران ئامرازێکی ململانێ و دانوستان نیە، هیچ بیانوویەک نییە بۆ بە بارمتەگرتنی لەلایەن هیچ کام لە بەغدا و هەرێمەوە. مووچە دیاری سیاسیەکان نییە تا بیدەن، حەقدەست و بەرهەمی رەنج و کاری ئەوانە! دەبێت بەپێی یاسا پارێزراوبێت و گەرەنتی بکرێت وە لەکاتی خۆیدا بدرێت. ئەم هەنگاوەی حکومەتەکەی سودانی و مەسرور بارزانی لە دزینی بژێوی ژیان و حەقدەستی فەرمانبەران بۆ خەڵکێک کە خزمەتی دەکەن و کۆمەڵگەیان ڕاگرتوە،دەبێت ناوی چی لێ بنرێت جگە لە شکست و دارمانی دەسەڵات و حکومەتێکی بێ پەیوەند و دژ بەژیان و گوزەرانی کۆمەڵگاوە.

دانی کرێ وهەقدەست گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی نێوان حکومەت لەلایەک و کرێکارانی کەرتی حکومی و فەرمانبەرانە و هەرجۆرە پێشێلکردنێکی لەژێرپێنانی یاسایە. زۆر بەسادەیی و بەکورتی کاتێک کەسێک کارێک و خزمەتێک پێشکەش دەکات، لەبەرامبەریشدا دەبێ کرێیەکی دادپەروەرانە و لەکاتی خۆیدا پێتبدرێت. کاتێک دەسەلات و حکومەتێک ئەو گرێبەستە دەشکێنێت، ئەوا شەرعیەتی مانەوەی لەدەستدەدات وە دەرگا بەرووی نائارامی و نارەزایەتی و دارماندا دەکاتەوە. کاتێک دەسەلات و حکومەتێک خەڵک برسی بکات و موچەیان نەداتی، ئەوە ئەو دەسەڵاتە شکستخواردوەو ئیتر ناتوانێ ئیدارەی کۆمەڵگا بکات و دەبێ بڕوات .

هەربۆیە پێویستە بەخەباتی جەماوەری و ریزی یەکگرتوانەی کریکاران و فەرمانبەران و هێنانەمەیدانی فراوانی نارەزایەتیەکان و راکێشانی پشتیوانی کریکاران و فەرمانبەرانی عێراق، مووچەو قووتی خەڵک و مووچەخۆرانی کوردستان لە یاری گڵاوی دەستشکاندنەوەی نێوان حکومەتی عێراق و هەرێم دەربهێنرێ. بژیوی خەڵکی کوردستان نەکرێتە کارتی فشاری سیاسی لەنێوان ئەو دوو حکومەتە دژە خەڵکی و دژە کرێکاریەدا. دەبێ دەستبەجێ مووچەی مووچەخۆرانی کوردستان خەرج بکرێ و هیچ ڕێگریەک بۆ خەرجکردنی مووچە دروست نەکرێ. ئەگەر حکومەتی هەرێم سەرپێچی دەکات لە ناردنی داهاتی ناخۆی هەرێم بۆ بەغدا، ئەوا لەجیاتی سزادانی مووچەخۆران کە لەلایەن خودی حکومەتی هەرێمەوە ستەمیان لێدەکرێ، بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی لەرێگای یاساوە سزابدرێن و ناچاربکرێن بە رادەستکردنی داهاتەکان.

# جارێکی دیکە قوتی خەڵکی کوردستان لەنێوان بەرداشی حکومەتی بەغدا و هەرێمدا!

لەکاتێکدا مانگی ئایار تەواو دەبێت و دەبوایە مووچەخۆرانی کوردستان مووچەکانیان وەربگرتایە، بەڵام حکومەتی عێراق لە زمانی وەزارەتی داراییەوە رۆژی ٢٨ ی مانگ، ڕایگەیاند کە شایستە داراییەکانی هەرێم کۆتایی هاتووەو تا بۆ ئەمساڵ هیچ بڕە پارەیەک بۆ هەرێم نانێرن، لەبەرئەوەی حکومەتی هەرێم پابەند نەبوە بە ناردنی داهاتی نەوتی و نانەوتی هەرێم بۆ حکومەتی بەغدا!. لەبەرامبەریشدا حکومەتی هەرێم ڕادەگەیەنێت کە ئەو بڕیارەی حکومەتی ناوەندی پێچەوانەی دەستور و بڕیاری دادگای فیدراڵیە.

ئەگەرچی هەریەکە لە حکومەتی عێراق و هەرێم یەکتری بە پێشێلکردنی بڕیارەکانی دادگای فیدراڵی و دەستور تۆمەتبار دەکەن، بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە هەردولایان بۆ بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی خۆیان دەستیان ناوەتە بینەقاقای موچەخۆرانی کوردستان و لەسەر هەموو بەرپرسیاریەتیەکەوە ئامادەن ژیان و قوتی خەڵکی کوردستان بکەنە کارتێکی سیاسی بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیەکانیان.

بەدڵنیایەوە نەدان و ڕاگرتنی مووچەی موچەخۆرانی کوردستان، لەلایەن حوکمەتەکەی سودانیەوە بەدوای هەڕەشەکانی مەسعود بارزانی لە حکومەتی عێراق و واژۆکردنی گرێبەستی ووزەدا دێت کە مەسرور بارزانی لەگەڵ دوو کۆمپانیانی ئەمریکی بەبڕی ١١٠ ملیار دۆلار، بەبێ ڕەزامەندی حکومەتی عێراق، ئەنجامیدا! حکومەتی عێراق و سەرکردە سیاسیە شیعەکانی عێراق کە نفوزی گەورەیان بەسەر حکومەتی بەغداوە هەیە، ئەم کارەی حکومەتی هەرێم و بەپلەی سەرەکی پارتی و بارزانی بە حساب نەکردن بۆ حکومەتی ناوەندی و بەهەوڵێکی جوداخوازی لێکدەدەنەوە، بۆیە لەبەرامبەردا ئەوانیش مووچەی مووچەخۆرانی هەرێم وەک کارتێکی سیاسی بەکاردەهێنن، تا لەسەر حسابی بڕینی قووتی خەڵکی کوردستان دەسەڵاتدارانی هەرێم ناچار بکەن لە قازانجی کۆمپانیاکاندا شەریکیان بکەن!

لەسەرێکی تریشەوە ئەوە حکومەتی هەرێم و بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی و مفتەخۆرە بەناو رۆشنبیرەکانی دەوروبەریانە، کە بە بەرگی کوردایەتی و بەرگریکرن لە خاک و نیشتمان و نەتەوەوە، دەیانەوێت خۆیان لەبەرپرسیارێتی مووچەخۆران بدزنەوەو هەموو تاوانەکان بخەنەوە سەرشانی حوکمەتی عێراق، لەکاتێکدا کەدەستیان بەسەر سامان و داهاتی کوردستاندا گرتوەو رۆژانە بە تەنکەر نەوت و گاز بە قاچاغ دەفرۆشن، لەولاشەوە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی بندەستیان لەهەژاری و گرانی و باجگیری و نەبونی خزمەتگوزاریەکاندا ڕاگرتووە و ئامادەنین لەو هەموو سامانەی کەدەستیان دەکەوێت مووچەی مانگانەی کارمەندان بدەن. تەنانەت ئەو گرێبەستەی کە لەم دواییانەدا کردویانە، خەڵکی کوردستان بەهەق پێیانوایە وەکو فرۆشتنی سەربەخۆی نەوت، جگە لە ماڵوێرانی و هەژاری و نەبوونی مووچە، شتێکی تریان بەنسیب نابێ و خێروبێرەکەی هەر بۆ دوو حزبی دەسەڵاتدار و بنەماڵەکانیان دەبێت.

بەڵام ئەوە یەکەمینجار نیە ئەم دوو دەسەڵاتە دژەخەڵکیەی بەغداو هەرێم ئاوا یاری بە مووچەو قووتی خەڵکەوە دەکەن، بەڵکو بەدرێژایی ئەو چەندساڵەی کە فیدرالیزمە دارزیوەکەی عێراق بۆتە کۆکردنەوەی حیزبە ناسیونالیستە کوردەکان و دەستەوتاقمی ئاینی و هێزە میلیشیاییەکانیان، هەرجارە بالانسی هێز بە بارێکدا گۆڕدرابێت، لەسەر دابەشکردنەوەی داهات و دەسەلات کەوتونەتە کێشەو ململانێوە و ژیان و بژێوی و ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی هاوڵاتیانی بندەستیان خستۆتە دۆخێکی سەخت و دژوارەوە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەگەڵ ئەوەدا کەیاریکردن بە مووچەی مووچەخۆران و قووتی خەڵک و بەبارمتەگرتنی لە کێشەی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا، بە تاوانێکی نەبەخشراو دەزانێت، هاوکات بڕوای وایە کە لەبنەڕەتدا سیاسەت و هەنگاوێکی کردەییە بۆ برسیکردنی بە ئەنقەستی خەڵکی کوردستان.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ڕادەگەیەنێت کە کۆتاییهێنان بەم سیاسەت و یاریکردنەی دەسەڵاتدارانی هەرێم و بەغدا بەهاوبەشی لەدژی ژیان و بژێوی خەڵکی کوردستان گرتویانەتەبەر، تەنها بەخەباتی جەماوەری و یەکگرتوانەی خۆیان و هێنانەمەیدانی فراوانی نارەزایەتیەکانیان مەیسەردەبێ، خەباتێک کە نەک هەر دەتوانێت "خواستی دانی موچە لەکاتی خۆیدا" بسەپێنێ، بەڵکو دەرگا بەڕووی داهاتوویەکدا بکاتەوە کەکۆنترۆڵی داهات و دابەشکردنی لە بەرژەوەندی خەڵک و باشبژێویدا لەدەست بگرن.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٣٠ ئایاری ٢٠٢٥**

# هاوپشتی جیهانی لەگەڵ مانگرتنی شۆفێرانی لۆری و بارهەڵگرەکان لە ئێران

ئامادەکردنی: بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

لەرەوتی پشتیوانی لەگەڵ مانگرتنی شۆفێرانی لۆری و باڵهەگرەکانی ئێران دژی گرانبوونی نرخی سوتەمەنی و بیمەکردن و زیادبوونی نرخی کەرەستەی یەدەکی و هەروەها دژی کەمکردنەوە و دواخستنی کرێی گواستنەوەی بارەکانیان و فراوانبوونەوەی مانگرتنەکە بۆ شۆفێرانی تاکسی و شۆفێرانی پیکاب، چەندین ڕێکخراو گرووپی سیاسی و کەمپینی هاوپشتی، بەیاننامەی پشتیوانیان لە مانگرتن و ڕەخنەگرتن و سەرکۆنەکردنی ڕژێمی ئێران بەرامبەر بە سەرکوتکردن و وەڵام نەدانەوە بە داواکاریەکانی شۆفێران، بڵاوکردەوە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، وەکو ڕێکخراوێکی سیاسی کرێکاری، دەستبەجێ بەیاننامەی پشتیوانی لە مانگرتنەکە بڵاوکردەوە، کە دەقی بەیاننامەکە لەخوارەوە بڵاودەکەینەوە.

هەروەها ڕۆژی ٥ی حوزەیران "فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی کرێکارانی بارکردن و گواستنەوە"، کە نوێنەرایەتی زیاتر لە ١٦٠ ملیۆن کرێکار دەکات لە ١٥٠ وولاتی دنیادا، بەیاننامەی پشتیوانی بۆ شۆفێرانی لۆری و بارهەڵگرەکانی ئێران بڵاوکردەوە. لە بەیاننامەکەدا هاتووە: " ئەم شۆفێرانەی کە زۆربەیان خاوەنی لۆریەکانیشن، قورسایی ئیشپێکردن و چاکردنەوەی لۆریەکانیان لە ئەستۆیە، بەهۆی گرانی نرخی بیمە، خراپبوونی هەلومەرجی کارکردن و گرانبوونی نرخی سوتەمەنی، ژیانیان بەرەو وێرانی و نەبوونی پاڵ پێوەنراوە. ئەم کێشانە، لەپاڵ خراپی ڕێگاوباندا ژیانی شۆفێران و خێزانەکانیان و هەموو ئەوانەی خستۆتە بەردەم مەترسی و تیاچوونەوە. مانگرتنەکەیان تەنها خەباتێک نیە بۆبەرگری لە ژیان و مانەوە، بەڵکو هاوڕێکی توندو بەهێزە لەپێناو دادپەروەری و سەلامەتی و بەردەوامی و کەرامەت و مافەکانی مرۆڤدا." هەروەها لەکۆتایی بەیانەکەدا داوا دەکات کە دەستبەجێ وەڵام بە خواستەکانی شۆفێران بدرێتەوەو ئەوانەی دەستگیراون ئازاد بکرێن.

هەروەها کۆمیتەی هاوپشتی لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری ئێران لە بەریتانیا، کە لەلایەن جۆن ماکدۆناڵد ، ئەندام پەرلەمانی بەریتانیاوە سەرپەرشتی دەکرێ، بۆهەمان مەبەست ڕۆژی ٧ی حوزەیران بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتەوە کە تێیدا هاتوە: " لە نیوەی کۆتایی مانگی ئایارەوە، مانگرتنی شۆفێری لۆریەکان لەئێران بەرەو زۆرێک لە شارەکان فراواندەبێتەوە. ئەم مانگرتنە سەرەتا لە شۆفێرانی بارهەڵگرەکانی بەندەر عەباس، یەکێک لە سەرەکیترین ناوەندەکانی بازرگانی و گواستنەوەی ئێران، دەستیپێکرد. ئەمە وەڵامێک بوو بۆ پلانی حکوومەتی ئێران بۆ زیادکردنی بری نرخی سووتەمەنی لە ١٥.٤ سەنت بۆ نزیکەی ١.٩ دۆلار بۆ هەر گالۆنێک، کە بڕیاربوو لە کۆتایی مانگی حوزەیران جێبەجێ بکرێت.. بە گەڕانەوە بۆ مێژووی گرتنی کرێکارانی گواستنەوە، کە پێکهاتەیەکی گرنگی ئابووری کۆمەڵگەن، ئەم مانگرتنە گەورەترین و فراوانترین مانگرتنی نیشتمانی ئەم بەشەی کرێکاری ئێرانە لە سەرەتای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە" هەروەها دەڵێت: " ئێمە لە کۆمیتەی پشتیوانی لەگەڵ بزوتنەوەی کرێکاری لە ئێران – لەندەن سڵاوی خۆمانتان بۆدەنێرین و پاڵپشتی داواکاریە ڕەواو داپەروەرانەکانی ئێوە و هەموو شۆفێرانەی دیکە دەکەین کە پەیوەستبوون بە مانگرتەکەی ئێوەوە.

وەک هەمووومان دەزانین، مانگرتن گەورەترین چەکە کە کرێکاران دەتوانن بەرامبەر سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان بەکاربێنن. بۆیە، وەک بەشێک لە چینی کرێکار، هیوامان وایە کە سەرباری فشارە ئابووری و ئەمنییەکان، دەستگیرکردنەکان و هەڕەشەکان، بەردەوام بن لە شەڕکردن بۆ مافەکانتان تا سەرکەوتنی کۆتایی."

**بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان:**

## خۆپیشاندانی شۆفێری بارهەڵگرەکان لە ئێران جێگای پشتیوانیە!

مانگرتنی شۆفێری بارهەڵگرەکان لە ئێران دژی گرانیی نرخ و کەمکردنەوەی ئەو برە سوتەمەنیەی بە نرخی پاڵپشتیکراو لەلایەن حکومەتەوە پێیان دەدرا و گرانکردنی نرخی بیمەکردن و زیادبوونی نرخی کەرەستەی یەدەکی و تایە و هەروەها کەمکردنەوە و دواخستنی کرێی گواستنەوەی بارەکانیان ماوەی نزیک بە دوو هەفتەیە بەردەوامە و نزیکەی ١٣٠ شار و شارۆچکەی گرتۆتەوە و شۆفێرانی پیکاب و تاکسیەکان پەیوەست بوون بە مانگرتنەکەوە.

ڕژێمی ئیسلامی ئێران وەکو پیشەی هەمیشەیی سەرەتا هەوڵیدا لە ڕێگای سەرکوت و تۆقاندنەوە شۆفێران لە مانگرتنەکە پەشیمان بکاتەوە و چەندین شۆفێری بارهەڵگری دەستگیرکرد و هەروەها بۆ شکاندنی مانگرتنەکە، شۆفێران و بارهەڵگرەکانی سوپای پاسدارانیان بەکارهێناوە. بەڵام وەڵامی

شۆفێرەکان فراوانکردنەوەی مانگرتنەکەیان بوو، بەجۆرێک کە بەرپرسانی ڕژێمی ئیسلامی ناچاربوون بڕیاری گرانکردنی سوتەمەنی کە بە "سیستەمی سێ بەشی نرخ " ناسراوە ڕابگرن و ئەوە ڕابگەیەنن کە خواستەکانی دیکەی شۆفێران لە پەرلەمان گفتوگۆی لەسەر دەکرێ.

شایانی وتنە مانگرتنی شۆفێرانی بارهەڵگرەکان لەلایەن سەندیکا کرێکاریەکان و خەڵکەوە پشتیوانی لێدەکرێ. ئەوەش ترسی تەنینەوەی ناڕەزایەتیەکانی بۆ سەرجەم توێژ و بەشەکانی دیکەی خەڵک، لای ڕژێمی ئیسلامی ئێران دروستکردووە.

ڕژێمی ئیسلامی ئێران کە ساڵانێکی زۆرە لەسەر سەپاندنی هەژاری و برسیکردن بەسەر چینی کرێکار و زۆربەی جەماوەری زەحمەتکێشی ئێران و سەرکوتی هەر ناڕەزایەتیەکی کرێکاری و جەماوەری و خەفەکردنی هەر دەنگێکی ئازادیخوازانەی لاوان و ژنانی ئێران، تەمەنی نەگریسی درێژەپێدەدات، بەردەوام ڕووبەڕووی بەرەنگاری و خرۆشانی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئێران بووەتەوە. بزوتنەوەی ژینا، ساتێکی ئەو مێژووە بوو لە بەرەنگاری خەڵکی ئێران دژی ڕژێمی سەرکوتگەر و کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران، کە ٣ ساڵ لەمەوبەر پایەکانی ڕژێمی ئیسلامی لە شەقامەکانەوە لەرزاند و دواتریش بە مانگرتنە کرێکاریەکان و مانگرتن و خۆپیشاندانی مامۆستایان و خانەنشینان و باقی توێژەکانی دیکەی خەڵکی بێبەشی ئێران ئەو بەرەنگاریە درێژەی پەیداکرد و ئێستا بە مانگرتنی سەراسەری شۆفێرانی بارهەڵگر گوڕمێکی دیکە دەدات بەو بەرەنگاریە.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان پشتیوانی خۆی بۆ مانگرتنی شۆفێرانی بارهەڵگرەکان و داواکاریەکانیان ڕادەگەیەنێت و هاوکات هەرجۆرە فشارێکی ڕژێمی ئیسلامی بۆسەر شۆفێرانی بارهەڵگرەکان بۆ وازهێنان لە مانگرتنەکەیان و دەستگیرکردنی ڕابەران و هەڵسوڕاوەکانیان بەتوندی سەرکۆنە دەکات. داواش لە سەرجەم ڕێکخراوە کرێکاریەکان و لایەنگرانی بزوتنەوەی کرێکاری دەکات کە بەشێوەی جۆراوجۆر پشتیوانی لە خواستی ڕەوا و لە مانگرتنی شۆفێرانی بارهەڵگرەکانی ئێران بکەن.

ڕژێمی ئیسلامی دەبێ دەست لە سەرکوت و چاوسورکردنەوە هەڵگرێت و دەستبەجێ وەڵام بە داواکاریەکانی شۆفێرانی بارهەڵگرەکان بداتەوە!

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٣ی حوزەیران/ جونی ٢٠٢٥**

## خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی دژی سیاسەتی سکهەڵگوشین و جەنگخوازی لەلەندەن!




ڕۆژی ٧ی حوزەیران، ناوەندی لەندەن بووە مەیدانی ناڕەزایەتی گەورە بەدژی سیاسەتی حکومەت و هێرشەکانی بۆسەر ئاستی ژیان و گوزەرانی چینی کرێکارو خەڵکی کەمدەرامەت و بەدژی سیاسەتی جەنگخوازی و تەرخانکردنی داهاتی ووڵات بۆ کۆمەک بە جەنگ و میلیتاریزم و هەروەها لایەنگری بێشەرمانەی حکومەتی پارتی کرێکاران بۆ حکومەتی ناتانیاهۆو کۆمەڵکوژیەک کە بەدژی خەڵکی غەززە بەڕێخستوە!

خۆپیشاندانەکە بەبەشداری دەیان هەزار کەس، کە لەلایەن ڕێکخراوە کرێکاریەکان و ئەنجومەنی خەڵک و بەرەی دژی شەڕەوە بانگەوازی بۆ کرابوو، لە بەردەم بینای ( بی بی سی )یەوە دەستی پێکرد بەرەو ماڵی سەرۆک وەزیران بەڕێکەوت. ڕێکخستنەکانی حزب لە لەندەن بە دروشمی ( نا بۆ سک هەڵگوشین و هەژاری، نا بۆ جەنگخوازی، بەڵێ بۆ هاوپشتی و بەرەنگاری) بەشداری خۆپیشاندانەکەیان کرد. هەروەها بەشێکی دیکە لە دروشمەکان بریتیبوون لە: خزمەتگوازریەکان مەبڕن، باج لەسەر دەوڵەمەندان دابنێن! نا بۆ جەنگ و کوشتارو کۆمەڵکوژی خەڵکی غەززە. نا بۆ بڕینی بیمەی خاوەن پێداویستی تایبەت. پارە بۆ خزمەتگوزاری نەک بۆ جەنگ..... و تاد.

شایانی گووتنە دەیان سەندیکاو یەکێتی کرێکاری و ڕێکخراوی سیاسی لایەنگری چینی کرێکار و سۆشیالیست و گروپ و کەمپینی پارێزەی ژینگەو مافی مرۆڤ و ..تاد. لەم خۆپیشاندانەدا بەشداربوون.

★

# گۆشەیەک لە وەستانەوەی کرێکارانی بەندەرەکان دژی جەنگ و جینۆساید لە غەززە!

ئامادەکردنی : ئۆکتۆبەر




چینی کرێکاری بەتایبەتی ئەوروپی و ئەمریکی نەخشێکی بەرچاویان هەبووە و هەیە لە وەسستانەوە دژی شەڕ و تاوانکاریەکانی دەسەڵات و حکومەتە بۆرژوایی و ئیمپریالیستیەکان. هەر لە شەڕی ڤێتنامەوەو تا شەڕی کەنداو، هەر لە وەستانەوە دژ بە جیاکاری ڕەگەزی ( ئاپارتایید) لە ئەفریقای باشوور، تا بە کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی ئیسرائیل دژی خەڵکی فەلەستین و دانیشتتوانی غەززە.

دژی ئاپارتاید لە ئەفریقای باشوور، کرێکارانی بەندەرەکان لە ئەمریکا، بەتایبەتی ئەوانەیان کە سەر بە سەندیکای ( یەکێتی جیهانیی کرێکارانی بەندەرەکان و گەنجینەکان- ( ILWU) بوون، ساڵی ١٩٨٤ ، چالاکانە بەشداریان لە مانگرتن و بایکۆتی کەلوپەلی ئەفریقای باشووریان کرد بۆ ئەمریکا. ئەوان ڕەتیان کردەوە کە ئەو بارەی لە ئەفریقای باشورەوە هاتبوو، دابگرن. وەکو هاوپستی لەگەڵ زۆرینەی ڕەشپیست و وەستانەوە دژ بە ڕژێمی ئاپارتاید. ئەم مانگرتنەش بووە هۆی ئەوەی کە تەوژمێک بدات بە بزوتنەوەی دژی ئاپارتاید لەئاستی نێونەتەوەییدا.

هەروەها لە سەردەمی جەنگی کەنداودا، هەمان یەکێتی کرێکاری دەورێکی بەرچاوی هەبوو دژی جەنگ و گەمارۆی ئابوری لەسەر خەڵکی عێراق. ساڵی ٢٠٠٨ کرێکارانی سەر بەم یەکێتیە، لە ڕۆژی یەکی ئایاردا هەموو بەندەرەکانی بەشی ڕۆژاوای ئەمریکایان داخست کە بریتی بوو لە ٢٩ بەندەر، وەکو بەرزڕاگرتنی یادی یەکی ئایارو هەروەها دژی شەڕ لە عێراق. شایانی وتنە یەکێتی ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٤ یشدا دەورێکی کاریگەری هەبووە لە دژایەتیکردن جەنگی ئەمریکا لەدژی ڤێتنام.

ئەم بزوتنەوە کرێکاریە مرۆڤدۆست، تەنها لەچوارچێوەی ئەمریکادا قەتیس نەبووە. کرێکارانی ئەوروپاش نەخشی بەرچاویان هەبوەو هەیە لە دژایەتی جەنگ و جینۆساید، کە لەلایەن دەوڵەتانی ئەوروپی و ئەمریکاو بەرپاکراوەو یان پشتیوانی لێکراوە. سەرەنجام کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی غەززە کە ویژدانی مرۆڤایەتی ڕاچڵەکاندو ناڕەزایەتی فراوانی لە سەراسەری جیهان و بەتایبەتی لە پایتەختەکان و شارە گەورەکانی ئەمریکا و ئەوروپا بەدوای خۆیدا هێنا، جێگایەکی گرنگی بۆ چینی کرێکاری جیهانی بەرجەستەکردوە. سەربااری خۆپیشاندانەکان کە ڕێکخراوە کرێکاری و سەندیکاو یەکتیە کرێکاریەکان نەخشە بەرچاویان تێدا هەبوە لە سازدان و بەشداریکردن، هاوکات چینی کرێکار بەرەیەکی دیکەی لە جەنگخوازی و دڕندەیی بۆرژوازی گرت، کە ئەویش گۆڕینی بەندەرەکان بوو بۆ مەیدانێکی وەستانەوە و بەرگری دژی کوشتار و کۆمەڵکوژی.

ڕۆژی ٥ ی ئەم مانگە، کرێکارانی بەندەری مارسیلیای فەرەنسا ئامادەنەبوون بڕی ١٤ تۆن کەلوپەلی جەنگی و ١٩ سەکۆی گواستراوەی مووشەک، کە بڕیاربوو ڕەوانەی ئیسرائیل بکرێ، باربکەن و هاوکات سەرکۆنەی هەڵوێستی حکومەتی فەرەنسایان کرد لەسەر پشتیوانیکردنی لە حکومەتی ئیسرائیل لە جەنگی کۆمەڵکوژی خەڵکی مەدەنی غەززە. ئەم مانگرتنە لەسەر داوای یەکێتی گشتی سەندیکاکانی کرێکارانی فەرەنسا (CGT )و لەلایەن یەکێتی کرێکارانی بەندەرەکانەوە، بڕیاری لەسەر درابوو. یەکێتی کرێکارانی بەندەرەکان دەڵێن: " ئێمە دوبارەی دەکەینەوە کە نابینە بەشێک لەو جینۆسایدەی لەلایەن حکومەتی ئیسرائیلەوە ڕێکخراوە"!

مانگی شوباتی ئەمساڵیش، کرێکارانی بەندەرەکان لە سوید، ئامادەنەبوون هیچ بارێکی کەرەستەی سەربازی بۆ ئیسرائیل یان لە ئیسرائیلەوە باربکەن یان دابگرن. لەکاتێکدا وولاتی سوید پەیوەندیەکی گەورەی بازرگانی چەکی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە. بەرامبەر بەم هەنگاوەی کرێکارانی بەندرەکان، خاوەنی کۆمپانیای گواستنەوە جێگری سەرۆکی گشتی و وتەبێژی سەندیکای کرێکارانی بەندەرەکانی لەسەر کار دەرکرد. کرێکارانی سوید مێژوویەکی پرشنگداریان هەیە لە دژایەتیکردنی کرێکاران بۆ ناردنی چەک بۆ ئیسرائیل.

★

# ڕێپێوانی جیهانی بۆ شکاندنی گەمارۆی سەر غەززە!

ئامادەکردنی: توانا نوری

ڕۆشان دادو، وتەبێژی هاوپەیمانی شکاندنی گەمارۆ لە ئەفریقای باشوورەوە وتی: "پێویستە نەک تەنها ئەم دەوڵەتە تاوانکارییە ئیدانە بکەین، بەڵکو لە ڕووی ئابووری، کولتووری، وەرزشی و سیاسیشەوە گۆشەگیری بکەین". ئەوە ئەوەیە کە ئەم ڕێپێوانە هەوڵی بۆ دەدات".

هاوپەیمانییەک کە پێکهاتووە لە زیاتر لە ٤٠٠ ڕێکخراو لە ٥٠ وڵاتەوە، ڕێپێوانێکی گەورەیان بە ناوی "ڕێپێوانی جیهانی بۆ غەززە" دەستپێکردووە. بزووتنەوەی نارەزایەتی کە لە نێوان ١٢ بۆ ٢٠ ی حوزەیرانی ٢٠٢٥ بەڕێوەدەچێت، هەزاران چالاکوانی مافی مرۆڤ، سەندیکای کرێکاری و ئەندامانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا و عەرەبی و وڵاتانی دیکە کۆدەکاتەوە بۆ ڕێپێوان بەرەو دەروازەی ڕەفەح و داوای ڕاگرتنی دەستبەجێی هێرشەکانی ئیسرائیل و کۆتاییهێنان بە گەمارۆی غەززە و هاتنە ناوەوەی بێبەربەستی هاوکارییە مرۆییەکان دەکەن.

جوڵانەوەکە لە قاهیرە دەست پێدەکات و چالاکوانان بە پێی ٤٨ کیلۆمەتر لە شاری ئاریش لە سینا تا سنووری ڕەفەح دەڕۆن. ئامانجی سەرەکی ئەم ڕێپێوانە شکاندنی ئابلۆقەی ٢٠ مانگەی غەززە و ئاسانکارییە بۆ هاتنەناوەوەی هاوکاریە مرۆییەکان و ناردنی پەیامی جیهانی هاودەنگی و نارەزایەتی بەرامبەر بەو شتەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بە "جینۆسایدی سیستماتیک" لە دژی گەلی فەلەستین ناویان بردووە.

سەیف ئەبو کاشک، سەرۆکی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داگیرکاری ئیسرائیل ڕایگەیاند، ئامانجی ڕێپێوانەکە ڕاگرتنی جینۆساید لەلایەن هێزەکانی داگیرکەری ئیسرائیل و پێشکەشکردنی هاوکاری مرۆیی بەپەلە و فشارکردنە بۆ هەڵگرتنی تەواوەتی گەمارۆکە.



زیاتر لە ١٠ هەزار کەس کە زۆربەیان لە وڵاتانی ڕۆژئاواییەوە هاتوون، پێشتر ئارەزووی خۆیان بۆ بەشداریکردن دەربڕیوە. گرووپی کاری جیهانی بۆ بەڕێوەبردنی لۆجستی و گەیاندنی میدیا بە چەند زمانێک پێکهێنراون.

### ئامانجە سەرەکییەکانی ڕێپێوانەکە:

**کۆمەڵکوژی ڕابگرن:** کۆتاییهێنان بە کوشتنی سیستماتیکی فەلەستینییەکان و بەکارهێنانی برسێتی وەک چەکێک لەلایەن ئیسرائیلەوە.

**یارمەتی بەپەلە:** فشار بخەرە سەر هاتنە ژوورەوەی دەستبەجێی خۆراک و ئاو و دەرمان و سووتەمەنی بۆ ناو غەززە، بەتایبەتی لە ڕێگەی دەروازەی ڕەفەحەوە کە هەزاران بارهەڵگری یارمەتییەکان تێیدا گیراون.

**شکاندنی گەمارۆکە:** داوای کۆریدۆرێکی مرۆیی هەمیشەیی و هەڵگرتنی بێ مەرجی گەمارۆکە بکەن.

**ئاشکراکردنی تاوانەکانی سەربازی نێودەوڵەتی:** کۆکردنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی جیهانی بۆ تەحەدای بێدەنگی نێودەوڵەتی و فشارخستنە سەر حکومەتەکان بۆ ئەوەی هەنگاو بنێن.

**لێپرسینەوە:** داوای ڕێکاری یاسایی بکەن بەرامبەر ئەو کەس و حکومەتانەی کە بەشدارن لە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان.

پارێزەری ئەڵمانی میلانیا شوایتزەر جەختی لەسەر سروشتی ئاشتیانەی ڕێپێوانەکە کردەوە و بە هەوڵێکی کۆمەڵگەی مەدەنی وەسفی کرد کە لە کردەوە مێژووییەکانی هاودەنگی نێودەوڵەتییەوە ئیلهام وەرگیراوە. بەشداربووان کە هەموویان خۆبەخشن، بەشدارییەکانی خۆیان پێشکەش دەکەن.

### ڕێگا و لۆجستی:

بەشداربووان لە ١٢ی حوزەیرانەوە لە قاهیرە کۆدەبنەوە، دواتر گەشت بۆ ئاریش و بە پێ دەچنە سنووری غەززە.

هاوپەیمانی بۆ تێپەڕاندنی ئاستەنگەکانی زمان و لۆجستی ڕێپێوانکەرانی بەسەر گرووپە ناوچەییەکان دابەش کردووە.

گرووپەکە پلانیان هەیە لە دەروازەی ڕەفەح کەمپ بکەن وەک جۆرێک لە فشاری ئاشتیانە بۆ کردنەوەی سنوورەکە و ڕێگەدان بە یارمەتیەکان. ئەبو کاشک دەڵێت: ئەگەر خەڵکی غەززە بتوانن چەند مانگێک بەبێ خۆراک و دەرمان بژین، دەتوانین ڕێگەی بیابانەکان بۆ پشتیوانیان بەکاربهێنین.

ڕێکخەران پەیوەندییان بە باڵیۆزخانەکانی میسرەوە کردووە و بە فەرمی داوای هاوکارییان لە حکومەتی میسر کردووە، جەختیان لەسەر پشتگیریکردن لە هەوڵە ڕاگەیەندراوەکانی میسر بۆ

⇦

وەستاندنی کۆمەڵکوژییەکە کردووەتەوە.

**پێداویستی هاوکاری و هەماهەنگی:**

ئەم ڕێپێوانە هەوڵدەدات ڕێگا بۆ سێ هەزار بارهەڵگری فریاگوزاری بکرێتەوە کە لەسەر سنوور گیریان خواردووە. ئەبو کاشکاک وتی ئەم پێداویستیانە – خۆراک، دەرمان و سووتەمەنی – زۆر گرنگن بۆ ڕێگریکردن لە مردنی بەکۆمەڵ بەهۆی برسێتی لە غەززە.

هەروەها دەستپێشخەرییەکە هەماهەنگی لەگەڵ گرووپەکانی وەک کاروانی زەمینی بۆ شکاندنی گەمارۆکە (سەمود) و هاوپەیمانی فلۆتیلای ئازادی دەکات.

پشتیوانی و لێپرسینەوەی نێودەوڵەتی

کارین مۆینیهان، وتەبێژی شاندی ئێرلەندا ڕوونیکردەوە کە دەستپێشخەرییەکە میسر تاوانبار ناکات بەڵکو بەدوای هاوکاریکردندایە بۆ زیادکردنی فشارەکان لەسەر ئیسرائیل. ئاماژەی بەوەشکردووە، ئامانج لێپرسینەوەی ئیسرائیلە لە برسیکردنی بە ئەنقەستی زیاتر لە دوو ملیۆن کەس و بەرپەرچدانەوەی هاوکاری جیهانییە.

☆

# خۆپیشاندانی دەیان هەزار کەسی لە ستۆکهۆڵم/ سوید دژی جینۆساید لە غەزە!




ڕۆژی ٧ی حوزەیران، خۆپیشاندانێکی جەماوەری گەورە، کە بە گەورەترین خۆپیشاندان لە مێژووی نوێی سوید دا مەزندە دەکرێ کە دەیان هەزار کەس تێیدا بەشداریان کرد، لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید، دژ بە جینۆسایدی خەڵکی مەدەنی غەزە لەلایەن ئیسرائیل و هەروەها پشتیوانی دەوڵەتی کۆنەپەرست و ڕاسترەوی سوید لە ئیسرائیل، بەڕێخرا. ڕێکخستنەکانی حزب لە سوید بەشداری چالاکانیان لە خۆپیشاندانەکەدا کرد و چەند دروشم و پۆستەریان بە زمانەکانی سویدی و ئینگلیزی، بەرزکردبووەوە. خۆپیشاندەران خوازیاری دەستبەجێ ڕاگرتنی جینۆسایدی غەزە و هەڵگرتنی گەمارۆ بوون لەسەر خواردن و کۆمەکە مرۆییەکان کەلایەن ئیسرائیلەوە گەمارۆیان خراوەتە سەر و ڕێگا نادرێ بگاتە خەڵکی غەززە.

شایەنی باسە لە پاڵ بەرزکردنەوەی دروشمی دژی شەڕ و کۆمەڵکوژی و بایکۆتی ئیسرائیلدا، دروشمی (کوشتنی ١٨ هەزار منداڵ بەرگریکردن لەخۆ نیە!)، (فەلەستین! فەلەستین! منالی تۆ منالی منیشە)! لە دروشمە دیارەکانی ئەم خۆپیشاندانە بوون.

ئەم خۆپیشاندانە مەزنەی ستۆکهۆڵم نیشانەی دەرکەوتنی بزوتنەوەیەکی جەماوەری پێشکەوتوخواز و ئازادیخوازە کە سەرەرای ریسواکردنی دەوڵەتی منداڵکوژ و کۆمەڵکوژی ئیسرائیل و سیاسەتە فاشیستیەکانی بەرامبەر بە خەڵکی فەلەستین، هەروەها نیشانیدا کە دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی سوید و وڵاتانی تری ئەوروپا، نوێنەرایەتی جەماوەری ئازادیخواز ناکەن و ئەوە تەنها جەماوەری کرێکارو یەکسانیخواز و مرۆڤدۆستە کە بەرگری لە بەها ئینسانیەکان دەکات بەبێ رەچاوکردنی نەتەوەو وولات و رەنگی پێست و ....تاد.

**فشاری خەڵکی ئازادیخوازی دنیا، بەتایبەتی ڕۆژاوا، ئەو فاکتەرە کاریگەرەیە کە دەتوانێ ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەوروپا کە پشتیوانی بێمەرجی ئیسرائیلن لەم تاوانکاریەیدا، ناچاربکات دەستبەرداری پشتیوانی بێمەرجیان بن لە ئیسرائیل و هاوکات فشاری لێبکەن بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگەکەی دژی منالان و خەڵکی مەدەنی فەلەستین!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
عوسمانی حاجی مارف
00964(0)7701570050
Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی
خەسرەو سایە
00964(0)7701511043
saya.xasraw@yahoo.co.uk

بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوە
دەشتی جەمال
0044(0)7856032991
dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی پەیوەندیەکان
فواد سادق
00964(0)7732499966
foadsadq@yahoo.com

# حەلبوسی و هەڵبژاردنەکانی عێراق!

عوسمانی حاجی مارف

کاتێک دادگای باڵای فیدراڵی عێراق بڕیاری دەرکردنی محەمەد حەلبوسی لە پەرلەمان دەرکرد، هەوڵدان بۆ بێتاوانکردنی مشتومڕێکی بەرفراوانی لە عێراقدا لێکەوتەوە، قسە و باسەکانیش زیاتر لەسەر ئەگەری گەڕانەوەی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی ئێستا بوو.

محەمەد حەلبوسی کە لە ساڵی ٢٠١٨دا، سەرۆکی پەرلەمانی عێراقی وەک گەنجترین سیاسەتمەداری سونە بەدەست هێنا، پۆستێکە بۆ پێکهاتەی سوننە تەرخانکراوە، لە پەیوەند بە ڕێکەوتنی نێوان هێزە ئیسلامی و تائیفی و قەومیەکانەوە کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وە لە عێراقدا ڕێکەوتنی لەسەر کراوە، لە چوارچێوەی باڵادەستی دەسەڵاتی شیعەو کۆماری ئیسلامیدا پەیرەو کراوە.

لەم بارەیەوە لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئێستای عێراقدا، لەوەدەچێت نیەتی چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە، کە ڕێکخراوێکی چەترە بۆ لایەنە شیعەکانی عێراق نزیک بە ئێران، ئەوەبێت کە بیانەوێ جارێکی تر حەلبوسی بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بگێرنەوە، دوای ئەوەی کە پێشتر لەسەر هەڵبژاردنەکانی پێشوو زۆر لێی توڕەبون ، بەڵام ئێستا وەها دەبینن کە گەڕانەوەی بۆ گۆڕەپانی سیاسی سوودی زۆری دەبێت بۆ لایەنە شیعەکان.

شایەنی باسە حەلبوسی دوای دەرئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠٢١ لەگەڵ موقتەدا سەدر سەرۆکی ڕەوتی سەدر و پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسعوود بارزانی هاوپەیمانی کرد. ئەم هاوپەیمانیە ئامانجی پێکهێنانی "حکومەتێکی زۆرینەی نیشتمانی"، بوو، وەک سەدر ناوی لێنابوو. سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە ئەم هاوپەیمانیەیان بە هەڕەشەیەک زانی بۆ دوورخستنەوەیان لە حکومەتی نوێدا.

سەرکردە شیعەکانی عێراق چەند مانگێکە کار بۆ دەستکاریکردنی کارت و حیساباتە سیاسیەکانیان دەکەن، لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەکەدا پێشهاتوە، لە گەڕانەوەی هێژمونی ئەمریکا بەسەر ناوچەکەدا، پێگەو دەوری ئیسرائیل و وێرانکاری غەززە و باشوری لوبنان، کوشتنی سەرکردەکانی حەماس و حزبوڵلا و ڕووخانی بەشار ئەسەد لە سوریا، ململانێ و پرۆسەی هەوڵدانی ڕێکەوتنی ئەمریکا و ئێران، لە هەمانکاتدا خودی هەڕەشەکانی ئەمریکا بۆ هەڵوەشانەوەی حەشدی شەعبی کە کاریگەری جدیان لەزۆرلایەنەوە لە عێراق و ناوچەکەو هێزە سیاسیەکان و هاوکێشەی سیاسی داناوە.

دوای ئەوەی هێزە سیاسیە شیعەکان لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٣بڕیاری سزادانی حەلبوسیان دا، بە تۆمەتبارکردنی بەوەی هەستاوە بە ساختەکردنی واژۆی لەیث ئەلدلیمی، بەڵام ڕاستیەکەی بەهۆی ئەو هاوپەیمانیەوە بوو، کە لەگەڵ موقتەدا سەدر و مەسعود بارزانیدا ئەنجامیاندا، بەڵام ئێستا شیعەکان درک بە ڕادەی دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی حەلبوسی دەکەن لە ناوچە سونە نیشینەکاندا، بۆیە هەوڵئەدەن سەرمایەگوزاری لێبکەن، بەو مەرجەی لەژێر کۆنترۆڵی چوارچێوەی هەماهەنگی شیعەدا بێت. چوارچێوەی هەماهەنگی لە دوای ناڕەزایەتیەکانی مانگی ئۆکتۆبەرەوە، درک بە کاریگەری سیاسی حەلبوسی و توانای کاریگەری دانانی لەسەر ڕووداوە گەورەکان کە عێراق بەخۆیەوە بینیوە، دەکەن.

شایانی باسە لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ وە عێراق کەوتەژێر کاریگەری بزووتنەوەی تشرین، هەزاران گەنجی عێراقی کە زۆربەیان شیعە بوون، ڕژانە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتیان دەربڕی بەرامبەر بە گەندەڵی نوخبەی سیاسی و خراپی بارودۆخی ئابووری و گوزەرانی خەڵکی عێراق. لەوکاتەدا حەلبوسی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لاوان دەکرد و هەوڵیدا دەنگە سیاسیە سەربەخۆکانی سەرهەڵدان لەو بزووتنەوەیەی کە بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠٢١ی کردبوو، ڕابکێشێت.

ئەو ئاستەنگیەی کە حەلبوسی دروستی کرد، لەسەر هەوڵی پاڵپشتیکردنی بۆ ناڕەزایەتیەکانی تشرین وەستابوو، سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی، دوای ئەوە دەستیان کرد بە تێڕوانینێکی جیاواز بۆ جوڵەکانی حەلبوسی، بەتایبەت دوای سەرکەوتنەکانی لە پارێزگای ئەنبار و پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و پەیوەندیە بەرفراوانەکانی لەگەڵ زلهێزە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان، بۆ زۆربەی لایەنە شیعەکان سەرنجراکێش بون.

هەروەها فاکتەری گرنگی دیکە کە وایکرد هێزە سیاسیە شیعەکان، دان بە پێگە و کاریگەری حەلبوسیدا بنێن، حەلبوسی تەنها چیرۆکێکی سەرکەوتنی سیاسی نیە، بەڵکو سەرکەوتوو بووە لە شەرمەزارکردنی ئەو لایەنە شیعانەی کە نەیانتوانی ئەو شارانەی شیعە نشینن پەرەپێبدەن یان خزمەتگوزاریەکان بۆ شیعەکان باشتر بکەن، و تەنها دەنگەکانیان لێ کرین.

هەوڵەکانی محەمەد حەلبوسی تەنیا لە سونەنشینەکان یان شاری ئەنبار سنووردار نەبووە، بەڵکو بۆ هەرێمی کوردستانیش درێژبۆتەوە، بەمانایەک ئەنبار بووەتە مۆدێلێکی

سەرکەوتوو بۆ ئاوەدانکردنەوە و پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری، ڕاستە بەتەواوی ئایدیاڵ نیە، بەڵام لانیکەم زۆر باشتر بووە لە زۆرێک لە شارەکانی ژێر دەسەڵاتی شیعەکان. هەڵبەتە خەڵک بەراورد دەکەن، سەرکردە شیعەکانیش لەم بەراوردکردنەدا هەست بە هەڕەشە دەکەن.

فاکتەرێکی دیکە کە بەشدار بوو لە دارشتنەوەی تێڕوانینی سەرکردەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی بۆ حەلبوسی، نفوزو هێزی سیاسی ئەو بوو کە "پارتی پێشکەوتن" لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢١دا ٣٧ کورسی بەدەستهێناوە، کە بە زۆرترین ژمارەی کورسیەکانی لایەنێکی سوننەیە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا. لایەنە شیعەکان ئێستا پێیانوایە هێنانەوەی حەلبوسی بۆ ڕیزی هەڵبژاردنەکانی داهاتوی پەرلەمانی عێراق هاوشانی چوارچێوەی هەماهەنگی سوودی دەبێت، بەوپێیەی دەرگایەک دادەخەن لەسەر ئەوەی کە حەلبوسی هاوپەیمانیەکی دیکە لەگەڵ ڕکابەرەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی پێکبهێنێت، بەتایبەتی لەگەڵ سودانی، کە کاندیدبونی خۆی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتودا ڕاگەیاندووە.

لە دوورخستنەوە و گەڕاندنەوەی حەلبوسی، چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە بەرژەوەندیەکی دیکەیان هەبوو کە بەردەوام بەدوایدا دەگەڕان، ئەویش کۆنترۆڵکردنی لایەنە سوننەکان و دابەشکردنی سەرکردە سیاسیە سوننەکانە بەوەی سود لە ناکۆکی و دووبەرەکیەکانیان وەرگرن.

بە گەڕانەوەی حەلبوسی بۆ هەڵبژاردن و ناو گۆڕەپانی سیاسی، چوارچێوەی هەماهەنگی دڵنیا دەبێت لە بەردەوامی پارچەپارچەبوونی گۆڕەپانی سیاسی سوننەکان، لەهەمانکاتدا پەیامێکی گرنگ دەبێت بۆ نەیارانی سوننەی حەلبوسی کە بوار بۆ هاوپەیمانی سونەکان نامێنێت.

چوارچێوەی هەماهەنگی لە بەرامبەر لایەنە سونەکانی دیکە کە کێبڕکێ لەگەڵ حەلبوسی دەکەن، دەیەوێت دڵنیابێت لەوەی کە گەورەترین پارتی سوننە کە پارتی پێشکەوتنە لەژێر کۆنترۆڵیدابێت، بۆئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا سوود لە هاوپەیمانی نێوان پارتی پێشکەوتن و چوارچێوەی هەماهەنگی وەربگرێت، تا دڵنیابێت لەوەی زۆرترین ژمارەی کورسی مسۆگەر دەکات، هەروەها ڕێگری بکات لە هەر هاوپەیمانیەکی داهاتوو کە ڕەنگە ڕکابەری چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە دەکات.

لەو هۆکارانەی کە زیاتر وای لە چوارچێوەی هەماهەنگی کرد هەوڵبدات بۆ گەڕانەوەی محەمەد حەلبوسی بۆ گۆڕەپانی سیاسی، گۆڕانکاریە گەورەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی و ئەو فشارانەی عێراق ڕووبەڕووی دەبێتەوە لەلایەن ئەمریکاوە بۆ نەهێشتنی کاریگەری ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا.

بەتایبەتی دوای ڕووخانی بەشار ئەسەد، سیاسەتمەدارانی شیعە درکیان بەوە کرد کە زۆرێک لەو پرسە سیاسیانەی کە لە چوارچێوەی عێراقدا ڕوودەدەن دەبێت سەرلەنوێ چاویان لێبکرێتەوە بۆئەوەی دووربن لەو فشارە بەرچاوانەی کە حکومەتی عێراق ڕوبەڕوی دەبنەوە، لە هەوڵدانی ئەمریکا بۆ پچڕاندنی پەیوەندیەکانی عێراق لەگەڵ ئێران و ڕێگەنەدان بە کۆنترۆڵی شیعەکان بەسەر حکومەتدا.

ڕووخانی بەشار ئەسەد بەهێزترین فاکتەری پاڵنانی چوارچێوەی هەماهەنگی بوو بۆ گەڕاندنەوەی حەلبوسی، دوای پێکهێنانی حکومەتی ئیسلامی تازەی سوریا، بە سەرکردایەتی سونە. شیعەکان پێشبینی ئەوەی دەکەن، یان سەرکردە شیعەکان ترسی ئەوەیان هەیە ئەم گۆڕانکاریە گەورەیە بڵاوبێتەوە بۆ عێراقیش، ئەمەش دەیانخاتە ئەو دوودڵیەوە کە ناچاربن هەوڵی گەڕانەوەی حەلبوسی بدەن و بیکەنە دۆستی خۆیان، تا بتوانن دۆخەکە بە قازانجی مانەوەی خۆیان ڕاگرن.

بەدڵنیاییەوە حەلبوسی بە تەواوی ئاگادارە کە گەڕانەوەی بەهۆی دەسەڵاتی دادوەری عێراقەوە نییە، بەڵکو بە هۆی ڕێکەوتنێکی سیاسی نێوان خۆی و چوارچێوەی هەماهەنگیەوەیە. هەروەها دەزانێت کە ئەم گەڕانەوەیە باجێکی سیاسی هەڵدەگرێت کە دەبێت بیدات بۆئەوەی جارێکی دیکە مەترسی دوورخستنەوەکەی دوبارەنەبێتەوە.

دوای هەڵوەشاندنەوەی تۆمەتەکانی سەر حەلبوسی، مشتومڕ لەسەر ئەگەری گەڕانەوەی بۆ سەرۆکایەتی ئێستای پەرلەمان دروست بوو، بەڵام هێشتا ئەم مشتومڕە یەکلایی نەبووەتەوە. لە ڕاستیداحەلبوسی دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ پۆستەکەی وەک سەرۆکی پەرلەمان بە تۆمارکردنی سکاڵای یاسایی بۆ تانەدان لە بڕیارەکەی پێشووی دادگای باڵای فیدراڵی، بەتایبەتی دوای ئەوەی تۆمەتەکانی لەسەر هەڵبوەشێنرێنەوە.

هەرچەندە چاوەڕێی ئەوە ناکرێت حەلبوسی لەم کاتەدا بگەڕێتەوە بۆ پۆستەکەی وەک سەرۆکی پەرلەمان، بەتایبەتی کە ماوەی ئێستای پەرلەمان کورتە، ئەگەری هەیە ڕێکەوتنێکی سیاسی لەنێوان حەلبوسی و چوارچێوەی هەماهەنگی پاراستنی دۆخی ئێستا هەبێت تاوەکو پرۆسەی هەڵبژاردنی کۆتایی دێت.

لەهەمانکاتدا بارگرژی دۆخی سیاسی ئێستای عێراق و ناکۆکی سەختی نێوان لایەنەکان و گۆڕانی هاوسەنگی هێزەکان، ناڕێکی نێوان لایەنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی ئەگەری ئەوە هەیە نەتوانرێت پرۆسەی هەڵبژاردن جێبەجێ بکرێت، بۆیە ئەوە بەدور نازانرێت کە هەڵبژاردن دوابخرێت بۆ کاتێکی تر، لەو کاتەشدا ئەم بێنەو بەرەیەی چوارچێوەی هەماهەنگی لەسەر گەڕانەوەی حەلبوسی، دەکەوێتە سەر دۆخی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەدوای دواخستنی هەڵبژاردنەکاندا پێشدێت.

★